# ژیانی دوای مردن

# ژیانی دوای مردن

نووسینی
کەمال سەعدی

هەولێر ـ ٢٠٢٤

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

**ژیانی دوای مردن (سەد کورتیلە چیرۆک)**

- نووسینی: کەمال سەعدی
- پێداچوونەوەی ڕێنووس: عەباس عەبدوڵڵا یوسف
- هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
- نەخشەسازیی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٢٤
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی (هێڤی) هەولێر
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٩) ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١١٣٣)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێشەکی

کورتیلە چیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخ شوێن و پێگەیەکی گرنگی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە، بە جۆرێك لە ئێستادا نووسینی ئەم جۆرە دەقانە بووە بە مۆدێلی ڕۆژ، لەمەشدا دونیای مەجازی تۆڕەکانی ئینتەرنێت یارمەتیدەر و هاوکارێکی باشن بۆ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئەم ژانرە ئەدەبییە.

ئەم ژانرە وەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت بەر لە هەر شتێك پشت بە پوختەکردن و کورتکردنەوە دەبەستێت و هەوڵدەدات بیرۆکەیەکی گەورە و سەنگین لە چوارچێوەی چەند دێڕێکی کەمدا بگەیەنێت، دیارە ئەمەش هاوتا و هاوسازە لەگەڵ جەنجاڵییەکانی مرۆڤی سەردەم، کە چیتر وەك سەدەکانی پێشوو ئەو کاتە زۆرەی لەبەردەمدا نییە بە دیار ڕۆمان، یا دەقێکی ئەدەبی دوورودرێژەوە دابنیشێت، جگە لەمە ئەم جۆرە دەقانە لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەمیشدا یەکدەگرنەوە، کە زۆرجار داواخوازی بەرهەمێکە کورت و پوخت بێ.

ئەم جۆرە دەقە بێجگە لە کورتییەکەی پشت بە بنەمایەکی دیکەی گرنگ دەبەستێت، ئەویش سادەییە و سادەیی بڕبڕەی پشتی کورتیلەچیرۆکە، چونکە ڕووبەر و پانتایی ئەم جۆرە نووسینانە بەراورد بە کورتە چیرۆك و ڕۆمان کەمترە، بۆیە وەسف و تەکنیکەکانی دیکەی کەمتر تێیدا دەردەکەوێت و نووسەر لە بری یاریکردن بە وشەو ڕازاندنەوە پتر خۆی بە گەیاندنی بیرۆکە و بابەتەکەوە سەرقاڵ دەکات و تاکە شتێك، کە نووسەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات تێئاخنینی جۆرێك لە ئایرۆنییە تا وا بکات جۆرێك لە خەندە و پێکەنین لە

ئەنجامی خوێندنەوە بۆ خوێنەر فەراهەم بێت، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار کورتیلەچیرۆك لە نوکتە و قسەی پێکەنیناوی نزیك دەکەوێتەوە. سادەیی لە کورتیلە چیرۆکدا بەستراوەتەوە بە کۆی بنەما هونەرییەکانەوە هەر لە بیرۆکە و زمان و تەکنیکەوە بگرە تا هەڵبژاردنی بابەتی دەقەکە، کە زۆرینەی کات چیرۆکنووس پشت بە بابەتی گەرمی ڕۆژانە و ڕۆتینیاتی ژیان دەبەستێت، بۆیە هەمیشە دیوێکی ڕیالیستییانە بە زۆرێك لە کورتیلە چیرۆکەکانەوە دیارە.

سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ژانرە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا دەتوانین بڵێین کازیوەی دەرکەوتنی لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش سەکۆیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکانە بوون . بێگومان لەمەشدا ئەدەبیاتی عەرەبی و نووسەرانی عەرەبی عێراقی وەك ئیبراهیم ئەحمەد، کە تێکەڵاوییەکی زۆری لە تەك نووسەرە کوردەکاندا هەبوو کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر نووسەرانی کوردەوە هەبووە. بێجگە لەمەش بڵاوبوونەوەی کتێبی "هەڵچوونەکان"ی ژنە نووسەری فەڕەنسی (ناتالی سارۆت)لە سەرەتای حەفتاکان، کە وەرگێڕە عەرەبییەکەی لەژێر ناونیشانی کورتیلەچیرۆك وەریگێڕابوو هۆیەکی دیکەی ئاشنابوونی نووسەرانی کورد بوو بەم ژانرە نوێیە. لەم لایەنەوە دەتوانین ناوی هەریەك لە ڕەئووف بیگەرد، عەبدوڵڵا سەڕاج، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، محەمەد موکری، وەك وەچەی یەکەمی دەرکەوتنی کورتیلەچیرۆکی کوردیی ببەین و لە هەشتاکانیشدا نووسەرانێکی وەك (ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، هیمداد حوسێن، قوبادی جەلیزادە و سابیر ڕەشید) بهێنین. ئیتر دوای ئەمە لە نەوەدەکاندا برەوی ئەم جۆرە چیرۆکە زیاتر بوو و کۆمەڵێك قەڵەمی نوێ لە دووتوێی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا دەرکەوتن و هەنگاوێکی دیکەیان بردە پێشەوە، کە دەتوانین بڵێین (دکتۆر کەمال سەعدی)

یەکێکە لەم نووسەرانەی دوای نەوەدەکان، کە بە هەناسەیەکی هونەری نوێوە دەستی داوەتە نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکە و ئەمەش بە وردی لە کۆمەڵە چیرۆکی (ترپحێو)دا دیارە، کە لەوێدا هەوڵی داوە چەند دانەیەك لەم جۆرە چیرۆکانە پێشکەشی خوێنەر بکات، لەم کۆمەڵەیەشدا، کە سەد کورتیلەچیرۆکی هونەری لەخۆ گرتووە خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بەوە دەکات کە نووسەر زیاتر برەوی بە ئەزموونە ئەدەبییەکەی خۆی داوە و لە هەندێ باردا هەوڵی داوە چیرۆك لە چەند ڕستەیەکی کورت و پوخت تاقی بکاتەوە و لە هەندێ باری دیکەشدا تاوەکو سەد و پەنجا وشە درێژی بکاتەوە.

ئەم سەد کورتیلەچیرۆکەی نووسەر دەتوانرێ لەڕووی پۆلێنی ژانرییەوە بەسەر سێ قەوارەدا دابەشبکرێن: بەشێکیان دەچنە خانەی پۆستەرە چیرۆك و بەشێکی دیکەیان وردیلەچیرۆك و بەشەکەی دواییشیان بریتین لە بروسکەچیرۆك و هەموو ئەمانەش لە ژێر چەتری زاراوەی کورتیلەچیرۆکدا یەکدەگرنەوە.

خاڵی هەرە سەرنجڕاکێشی ئەم سەد کورتیلەچیرۆکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە نووسەر شارەزایانە بابەتەکانی لە ئەزموونی ڕۆژانەی ژیانی خۆی و هاوڵاتیان وەرگرتووە و پەنجە بۆ هەندێك لایەن درێژ دەکات، کە خەم و مەرامی گشت هاوڵاتییەکی ئاساییە. کورتەچیرۆکی(واو) نموونەیەکی بەرچاوی خەمی فەرمانبەرێکە لە چاوەڕوانی مووچەکەیدایەو بۆتە گاڵتەجاڕی دەست حکومەت لەنێوان مژدەی هاتن و نەهاتنی مووچەدا.هەروەها هەوڵیداوە خەم وهیوا و ئاوات و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە چاخی هەنووکەییدا بەرجەستەبکات.

نووسەر زۆرینەی تایپەکانی کۆمەڵگەی بەسەرکردۆتەوە هەر لە خەمی بینینی نابینایەك، بیستنی کەڕوڵاڵێك، تا دەگاتە هاوڵاتییەکی بێ خزمەتگوزاری و فەرامۆشکراو، بەڕێوەبەرێکی نەزان، سیاسەتکارێکی لەخۆبایی و مرۆڤێکی بێ

بەندوبار. بەدەر لەمەش ئەوەی لایەنی هونەری ئەم کورتیلەچیرۆکانە بەرز دەکاتەوە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە، لەوپەڕی سادەییەوە، کە گشت خوێنەرێك دەتوانێت شتێك لە ژیانی تایبەتی خۆی لە دووتوێی چیرۆکەکاندا بدۆزێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردی و شارەزایی نووسەر لە بەکارهێنانی زاراوەی زانستیدا دەردەخات، زاراوەکانی (نەرگسی و فۆبیا و شیزۆفرینیا و دی ئێن ئۆ و زیرەکی دەسکرد و مۆدێرن و رۆبۆت و ئایدیۆلۆژیا) وەکو ناونیشانی کورتەچیرۆك ئاوێتەی زانست و ئەدەبیات بەهێزتر دەکات. لە رووی زمانەوە کەمال سەعدی کوردیزانێکی باشەو وشەی ناوچەیی و نافەرهەنگیش زیندوو دەکاتەوە و لە فیێڵدی واتاییەوە دەوڵەمەندی دەکات،زاراوەکانی کەترەژن و فینشکراو و....هتد (شیعرییەت) بە بەرهەمەکەی دەبەخشێت. ئەم کورتیلەچیرۆکانە لەخۆگری وەسفێکن، کە سادە و تەواو کورتە و لە خزمەت بینای هونەری دەقەکان دایە. هەروەها کارێکی دیکە، کە نووسەر بە لێزانینەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە بوونی ڕەگەزی بەخەندەهێنان و دڵخۆشکردنی خوێنەرە، کە وەکو پێداویستییەکی گرنگی هەر کورتیلەچیرۆکێك هەژمار دەکرێت و ئەمە زۆر بە ڕوونی لە کورتیلەچیرۆکەکانی (لایك، فەرماندەش تڕ دەکات، قەساب، شادان جەرجیڕ..... )دا دەردەکەوێ، کە بەشی زۆریان لەسەر بنەمای ئایڕۆنی دروست بوون و ئەم ئایڕۆنییە وایکردووە کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکان نوێ و سەرنجڕاکێش بن و خوێنەر چێژیان لێ ببینێ. لە کورتەچیرۆکی(گاڵتەجاڕ)دا نموونەی کەسایەتییەکی سەرلێشێواو و پەراگەندەی هەندەران دەخاتەڕوو، وەکو کەسێکی نەخوێندەوار لە ئەورووپا کاری پاکردنەوە دەکات و لە سایەی ساویلکەیی دەسەڵاتی سیاسی و میدیای ناوخۆدا وەکو چاودێی خۆی دەنوێنێ.

له رووی تەکنیکی هونەرییەوە بە سوود وەرگرتن لە دیالۆگ و مۆنۆلۆژ و فلاشباگ و تەوژمی هۆش و ئەنجامی کراوەو مامەڵەیەکی هونەریی لەگەڵ ناونیشان هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخات چیرۆکنووس شارەزای جیهانی هونەریی کورتە چیرۆکە.

ئەم ئایرۆنییەی کە نووسەر لە بەشێکی دەقەکاندا پشتی پێبەستووە پتر لەسەر بنەمای هێنانی کارەکتەری نەزان و نائاگا دروست بووە بۆ نموونە ئەگەر سەیری کورتیلەچیرۆکی پرسە بکەین: "لە مەراسیمی مارەکردنی خوارزایەکەی تووشی مەوقفێکی موحریج بوو، کاتێك مەلا بووك و زاوای لەیەکتری مارە کرد، هاتە لایان، هەر بەپێوە سوورەتی فاتیحەی خوێندەوە و هەمووان لەدوایان گوتەوە، ئەویش لە دوای گوتنەوە، لەو کاتەدا فکری ڕۆیشت، وای زانی یەکێك مردووە و لە مەجلیسی پرسەدایە، کە سوورەتی فاتیحەکەی تەواو کرد، بە دەنگی بەرز گوتی (**أَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ**)."

دەبینین نووسەر کارەکتەرێکی هێناوە لە بارودۆخێکدا کۆنترۆڵی زەینی خۆی لەدەست دەدات و ڕستەگەلێك دەردەبڕێت، کە تایبەت نییە بەو سیاق و شوێنە و ئەمەش وادەکات دیمەنێکی پێکەنیناوی بۆ خوێنەر دەستەبەر بێت.

دیوێکی دیکەی هونەریانە لەم کورتیلەچیرۆکانەدا بوونی کۆتایی سەرنجڕاکێش و تەنزئامێزە و ئەم جۆرە کۆتاییە بە بەشێکی کورتیلەچیرۆکەکانەوە دیارە. ئاشکرایە ئەم تەکنیکە بە یەکێك لە تەکنیکە هەرە کاریگەرەکانی کورتیلەچیرۆك دادەنرێت و بە گشتی خاڵی لاوازی زۆرینەی کورتیلەچیرۆك لەم لایەنەوە دەردەکەوێت، لەو کاتەی نەتوانن کۆتاییەکی سەرنجڕاکێشو شۆکئامێز بۆ کورتیلەچیرۆکەکانیان دابنێن. لەم بارەوە دەتوانین کورتیلەچیرۆکی(لایك)وەکو نموونە وەربگرین. ئەم کورتیلەچیرۆکە باس لە کۆمەڵێك هاوڕێی نووسەر و شاعیر و

هونەرمەند و موزیکژەن دەکات، کە پێکەوە دانیشتوون و خەریکی خواردنەوەن و میوزیکژەنەکە وەکو کەسێك سەیری خۆی دەکات، کە مایەی گرنگی پێدانە بەلای خەڵکەوە بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیەکی زۆری لایك بۆ دێت: "هەلۆی موزیك ژەن بە قسەکانی خەمە جەوی تێکچوو، کەمانجەکەی دانا و گوتی: تۆ کێیت تا موزیکی من هەڵسەنگێنیت، دوێنێ پارچە موزیکێکم لە فێسبووك دابەزاند، بە چاو ترووکانێك هەشت سەد لایکم بۆ هات. ئەویش گوتی: بەوە دڵت خۆش نەبێت، هەیە تڕێك دەکات، دوو هێندەی تۆ لایکی بۆ دێت." ئەم جۆرە کۆتاییە جۆرێك لە خەندە و سەرسوڕمان بۆ خوێنەر بەرهەم دەهێنێت، کە دەبێتە هۆی زیاتر کردنی چێژی ئیستاتیکی دەقەکە.

لە ڕووی کارەکتەرسازییەوە نووسەر سوودی لە کاراکتەرانێك وەرگرتووە، کە لە دونیای واقیعیماندا هەن و ڕۆژانە بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا هەیە، جگە لەمە هەندێکجار نووسەر لەبری کارەکتەر پەتی ڕووداو و گێڕانەوەی داوەتە دەست ئامێر و ڕۆبۆتەوە، کە ئەمەش لە حەقیقەتدا دەرخەری بەئامێربوون و بەماشێنبوونی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخە.

ئەم جۆرە چیرۆکانە توانیویانە بە شێوەیەکی هونەریبانەی زۆر بەرز ڕەخنە لە سیاسەت و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بگرێ و پەنجە لەسەر ئەو کەم و کوڕی و کەلێنانە دابنێن، کە لە ئەمڕۆدا کۆمەڵی کوردەواری بە دەستیانەوە دەناڵێنێت. دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین نووسەر ڕۆڵی ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی گرتووە و بەگژ داب و نەریت و ڕەفتارە چەوت و چەوێڵ و دزێوەکانی کۆمەڵگادا چۆتەوە و ڕۆڵی ڕێنماییکەرێکی بینیوە و بە هیچ شێوەیەك سڵی لە باسکردنی حەقیقەت و ڕاستییە تاڵەکانی کۆمەڵگەکەی نەکردۆتەوە و هەوڵیداوە لە دەقێکی هونەریدا بیانخاتە بەر نەشتەری ڕەخنە. لەم لایەنەوە

دەکرێت نموونە کورتیلەچیرۆکی(عومەری خاوەر) وەربگرین، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خەون و هێنانی کەسایەتییەکی مێژوویی وەك عومەری خاوەر ڕووی قسە دەکاتە سەرکردەکانی کورد و هەڵە و کەموکوڕییەکانیان دەردەخات. لەمەشەوە دەردەکەوێت، کە گەرچی ئەم دەقانە لەڕووی فۆرمی هونەرییەوە کورت و پوختن، بەڵام لە توانایاندایە پەیامێکی قووڵی مرۆڤایەتی هەڵبگرن و ببنە ئامرازێکی باش بۆ ڕەخنەکردنی واقیعی کۆمەڵ.

ماوەتەوە بڵێین پەیدابوون و گەشەسەندنی ئەم فۆرمە ئەدەبییە تازانە گرنگییەکی خۆی هەیە لە پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی، چونکە لە لایەك دەبنە دەقگەلێکی باشی خوێندنەوە بۆ خوێنەرانێك، کە بە تاسووقەوە بە دوای ئەدەبیاتێکی لەم چەشنەن، لە لایەکی ترەوە دەبنە کەرەستەگەلێکی باش لە بەردەستی ڕەخنەگران.

**پ.د. هیمداد حوسێن**

**هەولێر**

## له خەونم

فەرمانبەرێك دوای پاشەكەوت و له سەردەمی (لێبڕین)ی مووچه مردبوو، هاته خەونم گوتی: (بیستوومه مووچه پاشەكەوتەكانمان دەدەنەوە). منیش پێم گوت: ئەوان دەڵێن ئێمه شۆڕشمان بۆ مووچه نەكردووە، عەیبه باسی مووچه بكەن، ئەی كه ڕاپەڕینتان كرد، نەتانگوت سەری بەرز بۆ مووچه شۆڕ ناكەین؟!.

## سەرما

ئەگەر ئەو زستانه مام عەلی بەشه نەوتی خۆی وەرگرتبا، له سەرما و سۆڵی زستان ڕەق نەدەبوو گیانیشی له دەست نەدەدا.

## باشكاتب

وەزارەتی پەروەردە به هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەرلەمان، یەكەم كۆنگرەی خۆی بەست بۆ پێداچوونەوە و پەرەپێدان به سیستەمی پەروەردەو خوێندن له وڵات. كەسانێكی زۆریان بانگێشت كرد، منیش میوانی كۆنگرەكه بووم.

كۆنگرەكه به وتەی سەرۆكی پەرلەمان دەستی پێكرد. كەسێكم له تەنیشت دانیشتبوو، هەرچەند بڕوانامەیەكی بەرزی نەبوو، بەڵام نووسەرێكی باش بوو، له زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان وتاری بڵاو دەكردەوە. بەر لەوەی سەرۆكی

پەرلەمان وتەکەی پێشکەش بکات، ئەو کەسەی تەنیشتم، گوتی: سەرۆکی پەرلەمان ئێستا وا دەڵێت و وا دەڵێت.

کاتێك سەرۆکی پەرلەمان وتەکەی خوێندەوە، هەمان ئەو قسانەی کرد کە ئەو کەسە پێی گوتم.

دوای ئەویش وەزیری پەروەردە، بانگێشتی سەر ستێج کرا بۆ پێشکەشکردنی وتەکەی. بەر لەوەی وتەکەی پێشکەش بکات، دیسان هەمان کەس گوتی: وەزیری پەروەردە وا دەڵێت و وا دەڵێ.

کاتێك وەزیری پەروەردە وتەکەی خوێندەوە، هەمان ئەو قسانەی کرد کە ئەو پێی گوتم.

سەرم سوڕما، لە دڵی خۆم گوتم: (ئەو پیاوە خدری زیندەیە یان حەزرەتی مەسیح، چۆن زانی ئەوانە لە وتەکانیان باسی چی و چی دەکەن، مەگەر فاڵچی یان پێشبین بێت، ئەگینا کێ دەزانێت ناخی مرۆڤەکان بخوێنێتەوە!).

لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، بانگی وەزیری خوێندنی باڵایان کرد وتەکەی پێشکەش بکات. هەمدیس بەرلەوەی وەزیری خوێندنی باڵا وتەکەی بخوێنێتەوە، پێی گوتم: وەزیری خوێندنی باڵا وا دەڵێت و وا دەڵێ.

قسەکەی ڕاست دەرچوو، وەزیری خوێندنی باڵا بێ کەم و زیاد ئەو قسانەی کرد کە ئەو پێی گوتم.

خۆم پێ نەگیرا بە تەوسەوە پێم گوت: پێم ناڵێی تۆ چیت، دیارە فاڵچی یان پێشبینیت، یانیش (عیلمی غەیب)ت هەیە؟!

بە پێکەنینەوە گوتی: نە فاڵچیم و نەپێشبینم، تەنیا خودا عیلمی غەیبی هەیە.

منیش گوتم: ئەدی چۆن زانیت ئەوان چی دەڵێن و چی ناڵێن؟!

گوتی: بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکدی بێت، هەرسێکیان بە جیا داوایان لێ کردم کە وتەیان بۆ بنووسم، منیش بۆم نووسین.

## کەسێکی نەرگسی

شەماڵ کەسێکی نەرگسی بوو، زۆر سەرسام بوو بە خۆی. وێڕای ئەوەی لە زۆربەی بوارەکان ئەسپی خۆی تاو دابوو، بەڵام کەسێکی ناودار نەبوو. هەمیشە وەکو کەسێکی هەرزەکار بەدەردەکەوت و بە شان و باڵی خۆی هەڵدەدا، زۆر ڕای لە خۆ بوو. ئەو کەسێکی گۆشەگیر و تاك و تەنیا بوو، لە منداڵییەوە دایکی لە دەست دابوو، تەنیا لە خانوویێکی کۆن لە گەڕەکی تەعجیل دەژیا، کە لە دایکی بۆی مابۆوە، هەروەها لە مزگەوتی تەعجیل خزمەتگوزاری ئایینی بوو لە سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف، بۆیە گشت چیرۆکەکانی ڕەشبینییان پێوەدیاربوو، تەنانەت گۆڕستان و کێلی سەر قەبران و قسەکردن لەگەڵ جنۆکەکان، لە هەموو چیرۆك و سیناریۆ و نووسینەکانیدا هەبوون.

ئەو لە ژێر کاریگەریی عومەری کوڕی خەیام و جەلالی مەلەکشای شاعیر بوو، بانگێشەی تیۆریی هیچگەرایی دەکرد، بەڵام لە هەموو کەسێکیش زیاتر ژیانی خۆش دەویست و کەسێکی خۆبەزلزان بوو، لە خۆی بترازێت دانی بە هیچ کەسێك نەدەنا. ئەمەو خەسڵەتێکی تریشی هەبوو، کتێبێکی نوێ دەرچووبا، لەجیاتی ئەوەی لە پێشەوە دەست بە خوێندنەوەی بکات، لە دواوە دەیخوێندەوە. نەك ئەوەندە، بەڵکو بەس دوو دێڕی لێ هەڵدەبژارد و وەك تووتی دەیگوتەوەو کتێبەکەشی فڕێ دەدا، دەیگوت یەك فلسی سوور ناهێنێ.

یانیش دەیگوت هەمووی قسەی حەلەق و مەلەقە و ناوی لێنراوە چیرۆك.

جیاوازی لە نێوان بەرهەمی باش و خراپ نەدەکرد، هەموویانی بەلاوە هیچ بوون. سەبارەت بە شیعری شاعیرانیش دەیگوت، کورد نە شیعری هەیە و نە شاعیر، بە دەستم بێت چیرۆکی گشت چیرۆکنووسانی کورد دەسووتێنم و میزیش بە شیعر دادەکەم.

هەموو ڕۆژێك هەمان تاس و حەمام، هەمان قەوانی دووبارە و سێ بارە دەکردەوە، دەیگوت کەس ناتوانێ چیرۆکێکی وەکو من بنووسێت، چونکە کورد چیرۆکنووسی نییە، ئەوەی هەیە حیکایەتخوان و هەقایەتی بەر ئاگردانە.

## هەیتە لە ڕاژەی گەلە

درەنگی شەو، لە دەرگا درا. لە خەو هەستام، بە چاوی خەواڵوو چووم دەرگاکەم کردەوە. سەنعانی دراوسێم بوو، کۆمەڵێك پیاوی گەڕەکی خۆمانی لەگەڵ بوو، گوتی: دزێك هاتە سەرماڵمان، کە گوێی لە دەنگی بڵندگۆی ئێمە بوو، لە بانی ئێمەوە ڕایکردە سەر بانی ماڵەکەتان، هاتووین ئەگەر ڕێگامان پێ بدەیت بچین بیگرین.

منیش بە تەوسەوە پێم گوت: ئێوە هاتوون دز بگرن یان کۆتر!

گوتی: مەبەستت چییە؟

گوتم: ئەوەی بچێتە دزی و بە سەر ماڵی خەڵك دابدات، بەبێ چەك ناچێت، دوور نییە لە تاو ڕۆحی خۆی و لە ترسی ئێمە دەست بووەشێنێ و تەقەمان لێ بکات، ئەوسا چیبکەین ئەگەر کەسێکی کوشت.

گوتی: ئەی چی بکەین، لێی بگەڕێین وا بە ئاسانی وەکو بەرزەکی بانان تیَ بتەقێنیَ و خۆی دەرباز بکات؟

گوتم: نەخێر، ئەوە ئیشی ئێمە نییە بە دوای بکەوین، بەڵکو ئیشی پۆلیسە.

بنکەی پۆلیس زۆر دوور نەبوو، لە سەری کۆڵانەکەمان بوو. بە دراوسێکانم گوت: ئێوە لێرەبن، چاوتان لە سەر بێت تا ڕانەکات، من و سەنعانیش دەچین، ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەوان شارەزان و دەزانن چۆن ئیشی خۆیان دەکەن.

کە وام گوت، دراوسێکان ئەم بیرۆکەیان پیَ چاك بوو.

گوتیان: ئەشەدو تۆ ڕاست دەکەیت، پێشینان بەلاش نەیانگۆتییە (هەیتە لە ڕاژەی گەلە).

ئەوەبوو لەگەڵ سەنعان ڕۆیشتینە بنکەکە. هیچ پۆلیسێکمان لە بەر دەرگا نەدیت. لە نهۆمی سەرەوە ڕووناکی هەبوو، دەنگی تەلەفزیۆنەکە گەورە کرابوو، پیَ دەچوو پۆلیسە ئێشکگرەکە تەماشای بەرنامە بکات. زۆرمان لە دەرگا دا، کەس لێی نەکردینەوە. بە دەنگی بەرز هاوارم کرد:

کیَ لێرەیە، دز هاتۆتە سەرمان، فریامان کەون تا ڕاینەکردووە.

پەنجەرەی ژوورەکە کرایەوەو پۆلیسێك سەری لە پەنجەرەکە دەرهێناو بە تووڕەییەوە گوتی: بۆچی هەراسانمان دەکەن، ئەوە چیتانە، ئەوە چیتانە.

منیش گوتم: دزێك هاتۆتە سەرماڵمان تا ڕاینەکردووە لەگەڵمان وەرن بیگرن.

ئەویش گوتی: ئەوە ئیشی ئێمە نییە، لێگەڕێن با تەماشای یاری نێوان ئەرجەنتین و بەڕازیل بکەین. بڕۆن خەبەری پۆلیسی قەلاچۆکردنی تاوانەکان بدەن، ئەوە ئیشی ئەوانە نەك ئێمە.

منیش گوتم: پێت دەڵێم تا ڕاینەکردووە وەرن بیگرن.

گوتی: بۆچی تێناگەن، پێتان دەڵێم ئەوە کاری ئێمە نییە. ئەمەی گوت و بە توڕەییەوە پەنجەرەکەی داخست.

## خوا دەیکرد هەموو لە برسا دەمردن

دوو مانگ بوو مووچەی وەرنەگرتبوو، هەموو ڕۆژێك خاوەن موڵك دەهاتە سەریان داوای کرێی خانووەکەی لێ دەکردن، کە شەویش دادەهات خاوەن مووەلیدە لە دەرگای دەدا و داوای پارەی کارەبای لێ دەکردن. چەند ڕۆژێکیش بوو، شوفێری ئەو پاسەی منداڵەکانی بۆ قوتابخانە دەبرد، وەك ناڕەزاییەك درەنگ دەهاتە دوای منداڵەکانی و هەندە ڕۆژیش نەدەهات.

بەرامبەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوو، چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش بوو بۆ دابەشکردنی مووچە. لەو دەمەدا دیمانەیەکی لەگەڵ یەکێك لە سەرۆك حیزبەکان پیشاندا، کە مانگانە پارەی فەوجێك چەکداری ڕاستەقینەو بن دیوار وەردەگرێت، لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکە لە بارەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران دەیگوت: (خوا دەیکرد هەموو لە برسان دەمردن! ئێمە شۆڕشمان بۆ ئازادی کردووە نەك بۆ مووچە). ئەو سەرۆك حیزبە بێ ئاگابوو لەوە کە ڕۆژنامەنووسەکە ڕاپۆرتێکی لەسەر ئێوارە خوانێکی ئەو تۆمار کردووە، کە تژییە لە قەلی برژا وو گۆشتی مامز و کەڵەشێر، لەکاتی ئاخافتنی ئەودا، خوانەکەی پیشان دەدا.

# خانەخوێ

بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنی داعش و تێکچوونی ئاسایشی ناوچە عەرەبنشینە سوننەکان، زۆربەی عەرەبنشینەکانی ئەو ناوچانە ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان و لێی نیشتەجێ بوون. یەکێك لەو خانەوادە عەرەبانە، دراوسێمان بوو، منداڵەکانی زمانی کوردییان نەدەزانی، بۆیە دەهاتنە لای هاوسەرەکەم تاکو وانەی کوردییان پێ بڵێتەوە. ئێمە وەکو کورد و نەریتی باب و باپیرانمان هەمیشە ڕێزمان لە میوان و خەڵکی ئاوارە گرتووە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە سکمان پێیان دەسووتا یارمەتیمان دەدان. ڕۆژێك پیاوەکەیان کە لە تەمەنی کوڕە گەورەکەم بوو، هاتە لام و گوتی: ئێوە چاکەیەکی زۆرتان لەگەڵ کردووین، هەرگیز ئەو چاکەیەتان لە بیر ناکەین.

ئەمەی گوت و ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی پێدام و گوتی:

هەر ئیشێکتان لە حکوومەت هەبوو پێمبڵێن بۆتان دەکەم.

منیش بە تەوسەوە پێمگوت:

من لێرە لە دایك بوومە و هەموو تەمەنم لێرە بەسەربردووە، وانەم بە چەند نەوەیەك گوتۆتەوە، کەچی کەس حیسابم بۆ ناکات، ئێوە غەریب و داماون لێرە، کێ حیسابتان بۆ دەکات؟!

ئەویش گوتی: کاکە ئەوەی بە ئێوە نەکرێت بە ئێمەی عەرەب دەکرێت.

لە دڵی خۆمدا گوتم: (خۆی کردۆتە خانەخوێ و لە ماڵی خۆمان پێمان ڕادەبوێرێت و فشەفش دەکات).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، گوتی:

بیر لە چی دەکەیتەوە، ئەگەر ئیشێکت لێ عاسی بووە، پێم بڵێ تا بۆت بکەم.

لە دڵی خۆم بڕیارم دا: (داواکارییێکی قورسی لێ بکەم و ئیحراجی بکەم، نەوەك بە گێلم تێبگات)، گوتم:

کوڕی برام پۆلیسی گومرگەو لە ناوچەی پێنجوێنە، شوێنەکەی زۆر دوورە و دەیەوێ بگەڕێتەوە سنووری هەولێر، هەرچەندە بەڕێوەبەری گشتیی سنووری هەرێم قوتابی خۆم بووە، جارێك داوام لێکرد، وێڕای ئەوەی فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرهێنا، بەڵام لە زۆنی سەوز فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکرد، تەنانەت سزاشیان دا بەناوی ئەوە کە سلسلەی مەراجعی بەزاندووەو ڕاستەوخۆ لە هەولێر داوای گواستنەوەی کردووە.

ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: دنیای ئەمڕۆ دنیای بەرژەوەندییەکانە، کوردایەتی نایخوات، براکەم بەڕێوەبەری گشتیی پاسەوانی سنوورە لە حکوومەتی فیدراڵی، بەرپرس لە هەرێمی کوردستان نەماوە پاسەوانە تایبەتییەکانیمان بۆ نەخستبنە سەر میلاکی حکومەتی فیدراڵی.

ئەمەی گوت و تەلەفۆنی بۆ کەسێك کرد و پێی گوت:

دراوسێیەکمان هەیە پۆلیسی گومرگە، بنکەکەیان لە پێنجوێنە، دەمانەوێ بیگەڕێنینەوە شاری هەولێر.

بڵندگۆی مۆبایلەکەی کردبووە خاریجی، گوێم لێ بوو لە وەڵامیدا گوتی:

(ناوەکەم بدێ هەر ئێستا بۆی دەکەین بە چاوان).

ئەویش گوتی: پێشتر فەرمانێکیان بۆ دەرکردووە بەڵام لەجیاتی ئەوەی بیگوازنەوە، سزاشیان داوە، دەمەوێ سزاکەشی لەسەر لابدەن.

ئەویش گوتی: هەر ئێستا فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەردەکەین و سزاکەشی لە سەر هەڵدەگرین.

# لیفکە و سابوون

چەند مانگێکە گەل ڕاپەڕینی کردووە و حکوومەتی بەغداش دامەزراوە فەرمییەکانی خۆی لە کوردستان کێشاوەتەوە و گەمارۆیەکی ئابووریی تۆکمەی خستۆتە سەر گەلی کوردستان. حیزبەکانی بەرەی کوردستانیش بۆ بەدەستهێنانی دوو قڕۆش سەرقاڵی دروستکردنی پەیوەندی بوون لەگەڵ دەسەڵاتی تاران. ڕەسۆکە سەرۆکی حیزبێکی چەپڕەوی میانڕەو بوو، هەرچەند جەماوەرێکی باشی هەبوو، بەڵام وەکو هەندێك حیزبی تر دەسەڵات و پارەی نەبوو، بۆیە لە ژێر فشاری ئەندام و لایەنگرانی و ئەو بارە ئابوورییەی کە هەیبوو، سەرۆکی حیزب لەسەر داوای ئاغای مەحەممەدی گەورە ڕاوێژکاری ئاغای ڕەفسەنجانیی سەرۆك کۆماری ئێران بە دەستی بەتاڵ ئۆغری کرد بۆ تاران.

گەشتی سەرۆکی حیزب چەند ڕۆژێکی پێچوو، ئەندامانی سەرکردایەتی هەرچەند ئاگاداری هەواڵی سەرۆکەکەیان نەبوون بەڵام وێڕای ئەمەش جێگری سەرۆکی حیزب زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە دواکەوتنی سەرۆکەکەیان خێرێکی پێوەیە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (ئەم دواکەوتنە نیشانەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران بایەخێکی زۆری بە سەرۆکی حیزبمان داوە).

ئەندامەکانی دیکەی سەرکردایەتی حیزبیش بەو هیوایە بوون بە گەڕانەوەی سەرۆکەکەیان گیرفانی بەتاڵیان وەکو گیرفانی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکانی دیکە کە پێشی ئەوان خۆیان گەیاندبووە تاران و کلکی خۆیان لەگەڵ ئەوان گرێدابوو، پڕ پارە بێت و وەکو ئەوان کەیف و سەیف بکەن.

هەندەی نەبرد، سەرۆکی حیزب بە خۆی و جانتایەکی دبلۆماسی لە گەشتەکەی گەڕایەوە، جێگر و ئەندامانی سەرکردایەتی بە دڵێکی خۆش و کۆمەڵێك هیواوە لە پێشوازیدا بوون.

سەرۆك جانتا دبلۆماسییەکەی لە تەنیشت خۆی دانا و باسی گەشتەکەو دیداری خۆی لەگەڵ ئاغای مەحەممەدی و گەورە بەرپرسانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەکردن، ئەوان لەبەر جانتا دبلۆماسییەکە ئاگایان لە سەرۆك نەبوو چی دەڵێت و چی ناڵێت، هەموویان وەکو پشیلەی مەتبەخ چاویان بڕیبووە جانتاکە، وایان دەزانی پارە و پوولێکی زۆری تیایە، خوا خوایان بوو زوو لە قسەکانی ببێتەوە و وەکو برا پارەکەیان بە سەردا بەش بکات.

سەرۆك کە زانی هەمووان چاویان لەسەر جانتا دبلۆماسییەکەیە و زەینیان لای ئەو نییە، بۆیە ستۆپی کرد و چیتر درێژەی بە قسەکانی نەدا و لە کورتی بڕییەوە. جانتاکەی ڕاکێشا بەردەمی خۆی و بە پێکەنینەوە گوتی:

لەم گەشتەدا تەنها ئەم جانتایەم دەستکەوت.

جێگری سەرۆکی حیزبیش گوتی: پێدەچێت زۆریش قورس بێت، چۆن پێت هەڵگیراوە؟

بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبیش گوتی: خۆزگا ئێمەت لەگەڵ خۆت بردبا، هیچ نەبێ بە نۆرە جانتاکەمان بۆت هەڵدەگرت.

ئەویش گوتی: بەو ڕادەیە قورس نییە کە بیری لێ دەکەنەوە.

ئەمەی گوت و جانتاکەی کردەوە، تەنها شەرواڵێکی خام و قەمیسێکی سپی و سەلکە سابوونێك و لیفکەیەکی تێدا بوو، دەریهێنا و گوتی: لە دوێنێ شەوەوە بە ڕێوەم، ئارەقەیەکی زۆرم کردۆتەوە، بە یارمەتیتان دەچمە گەرماوەکە دووشێك

وەردەگرم و ئاوێك بە خۆمدا دەكەم، كە لە گەرماو هاتمە دەرەوە قسەكانتان بۆ تەواو دەكەم.

## مردووەكانیش خەون دەبینن

لە خەفەتی حكوومەتی كوردی لە ناكاو جەڵتە لێی دا و مرد. چواردە مووچەی بە لێبڕین و تێبڕین لای حكوومەت بوو، قەرزاری چەقاڵ و بەقاڵ بوو، قەرزاری خاوەن موڵك و گۆشتفرۆش و دووكانداری گەڕەكەكەیان بوو. كەسێكی شەرم بەخۆ بوو، بۆیە لە ژێر فشاری دەروونی و ئازاری ویژداندا، هەر جارێك خاوەن قەرزەكان دەهاتنە بەر دەرگای و داوای قەرزەكانیان لێ دەكرد، دەمرد و زیندوو دەبۆوە.

كە گوێی لێ بوو خاتوو بلاسخارت (نێردەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە عێراق) لە پانیلی مێری لە وەڵامی مووچەخۆرێك گوتی: (نابێت چیتر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دوا بكەوێت و تێكەڵ بە ململانێی سیاسی بكرێت)، لە خۆشییان ڕاچەنی، تا نیوچەوانی بە بەردی ئەلحەد نەكەوت نەیزانی مردووە.

هەر ئەو دەمە چووە خەونی خاوەن قەرزەكان و پێیگوتن: (ئەگەر حكوومەت پاشەكەوت و قەرزەكانی ئێمەی دایەوە، بڕۆن لەجیاتی من وەریبگرنەوە، تا ویژدانم ئاسوودە بێت و چیتر ئازار نەچێژم).

## لایك

تازە خۆر ئاوا ببوو، پێکەوە لە کەش و هەوایەکی سارد و باراناوی لە شەقلاوەی دڵڕفێن بە دەم مەشرووب خواردنەوە دانیشتبووین. هەڵۆی موزیکژەنی بەناوبانگی کوردستان موزیکی بۆ دەژەنین و ئێمەش پێکەوە گۆرانی (چیت لە سەر چیتە)ی هونەرمەند خەلیل وەندیمان لەگەڵ دەوتەوە. ڕەنجۆ دوو پێکی خواردبۆوە و پێکی سێیەمی بە دەستەوە بوو، سەری گەرم ببوو، هەستایە سەرپێ، ڕووی لە هەڵۆی موزیك ژەن کرد و چەپڵەیەکی توندی لێداو گوتی: ئەو دەست و پەنجانەت نەڕزێ کە موزیکی پێ دەژەنی، تۆ مۆزارت و بتهۆڤنی کوردی، خۆزگا خەلیل وەندیشت لەگەڵ خۆت دەهێنا، ئینجا نرخت تەواو نەدەبوو.

هەڵۆی موزیك ژەن زۆر دڵی خۆش بوو بە قسەکانی ڕەنجۆی شاعیر، سەری خۆی لەقاند و ڕێزی بۆ نواند.

خەمەش بتڵێك ئاوی جۆی بە دەستەوە بوو بە تامی بیرە دەیخواردەوە، لەگەڵ ستایش و پێداهەڵدانی ڕەنجۆ قەڵس بوو، بە تووڕەییەوە بتڵەکەی دانا و گوتی: گوناحە بە بتهۆڤن و مۆزارتی بچوێنن، ئەو کەی دەزانێ موزیك بژەنێت، دەڵێی بە ڕقەوە دەرگایەکی ژەنگاوی لە دوای خۆی دادەخات، وەتەرەکان لە ژێر دەستی جیڕەیان دێت.

منیش گوتم: خەمە کەسێکی یاخییە، لە هیچ شتێك ڕازی نییە، تا لەو پارچە موزیکە ڕازی بێت.

هەڵۆی موزیك ژەن بە قسەكانی خەمە جەوی تێكچوو، كەمانجەكەی دانا و گوتی: تۆ كێیت تا موزیكی من هەڵسەنگێنیت، دوێنێ پارچە موزیكێكم لە فێسبووك دابەزاند، بە چاو تروووكانێك هەشت سەد لایكم بۆ هات.

ئەویش گوتی: بەوە دڵت خۆش نەبێت، هەیە ترِێك دەكات، دوو هێندەی تۆ لایكی بۆ دێت.

## وانەیەك لە ئەخلاق

منداڵەكان و نەوەكانی لە دەوروپشتی خۆی كۆكردبۆوە و باسی ئەخلاقی بۆ دەكردن، دەیگوت: ئەخلاق لە هەموو شتێك گرنگترە، مرۆڤ هیچی نەبێت تەنها ئەخلاقی هەبێت. هەر شتێك بكەیت و هەر داهێنانێكت هەبێت لە هەر بوارێكی ژیان بێت، ئەگەر ئەخلاقی لەگەڵ نەبێت، گشتی بە هیچ.

ژنەكەشی لەولاوە بە دەنگێكی بەرز و بە تەوسەوە پێی گوت: ئەوە تۆی باسی ئەخلاق دەكەیت، تۆ ئاخیر كەسیت باسی ئەخلاق بكەیت!

واقی ورِما لە قسەكانی ژنەكەی. هیچ كاتێك ژنەكەی بەو شێوەیە لە دەمی نەداوەتەوە و توانجی وا توندی لێ نەداوە. لێی مورِ بۆوەو بە توورِەییەوە پێی گوت: هیچ بێ ئەخلاقییێكت لێم دیوە وام پێدەڵێی؟

ئەویش گوتی: برِۆ رِۆمانەكەت بخوێنەوە، بابەت نەماوە باسی بكەیت، سێكس نەبێت؟!

كە وای گوت، هۆپێكی لە خۆی زانی، دەتگوت ستڵێك ئاوی ساردیان پێدا كردووە، لە شەرمان تەریق بۆوە و هیچ قسەی پێ نەكرا. ئەو نەیزانیبوو كە

ژنەکەی ڕۆمانەکەی خوێندۆتەوە و ئاگاداری ورد و درشتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، کە باسی شەوە سوورەکانی گەشتەکەی دەکات بۆ ئەوروپا.

## ڤیاگرا

وەزیری بەرگری لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان لە کۆبوونەوەدا بوو، باسی دانیشتنی لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە شەڕی داعشی بۆ دەکردن، ئەوانیش وەکو حوجرەی مزگەوت، وەکو فەقێ بە بێ دەنگی لە چواردەوری کڕ و کپ دانیشتبوون. برای وەزیر کە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بوو، هەروەها سوپاسالار لە دەستە ڕاستی دانیشتبوون، بەرپرسی هەواڵگریی سەربازیش لە دەستە چەپی دانیشتبوو. فەرماندەکانیش لە مابەینی ئەوان بە ڕیز دانیشتبوون.

وەزیری بەرگری بابەتی گەشتەکەی و دانیشتنی لەگەڵ هاوپەیمانان زۆر بە گرنگی وەرگرتبوو، بە درێژی بۆی دەگێڕانەوە و چووبووە ناو وردەکارییەکان. سوپاسالار قەڵەم پاندانێکی لە برای وەزیر وەرگرت، بە چاوی خۆی وەنا و بە تامەزرۆییەوە تەماشای دەکرد. دوای ئەو فەرماندەکەی تەنیشتی لێی وەرگرت و ئەویش بە چاوی خۆی وەنا و تەماشای کرد. بەم شێوەیە قەڵەم پاندانەکە لە نێوان ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەدا دەستی دەستی پێکرا، تا گەیشتە دەست بەرپرسی هەواڵگریی سەربازی. ئەویش قەڵەمەکەی وەرگرت و بەچاوی وەنا و بە تامەزرۆییەوە تەماشای دەکرد. وەزیری بەرگریش کە زانی ئامادەبووان لەبەر ئەو قەڵەم پاندانە ئاگایان لە قسەکانی نییە، هەندێك بێدەنگ بوو، دوایی دەستی درێژ

کرد و بە تووڕەییەوە قەڵەم پاندانەکەی لە ناو دەستی بەرپرسی هەواڵگریی سەربازی دەرهێنا و گوتی:

بەس بزانم ئەم قەڵەم پاندانە چییە بە چاوی خۆتەوە ناوەو بە هۆیەوە کۆبوونەوەکەت تێکداوە.

ئەوەی گوت و قەڵەمەکەی بە چاوی خۆی وەنا و تەماشای کرد، هەندێك وێنەی ژنی ڕووت و پۆڕنۆی تێدا بوو. قەڵەمەکەی لە چاوی کردەوەو ڕووی لە بەرپرسی هەواڵگریی سەربازی کرد و بە تووڕەییەوە پێی گوت:

لۆق درێژ تۆ دوو ژنت هەیە، عەیب ناکەیت تەماشای وێنەی ژنی ڕووت دەکەیت؟

ئەویش ئیشارەتی بۆ سوپاسالار کرد و گوتی:

قوربان ئەمە قەڵەم پاندانی سوپاسالارە، منیش وەکو هاوڕێیانی دی وەرمگرتووە و تەماشام کردووە.

وەزیری بەرگری کە ئەوەی گوێ لێ بوو، هێندەی تر تووڕە بوو، لە تووڕەییان دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، نیوچەوانی گرژ ببۆوە و غەزەب لە چاوەکانی دەباری، ڕووی لە سوپاسالار کرد و بە تووڕەییەوە پێیگوت:

خەڵك یەك ژنی هەیە، تۆ شەرعی خوداشت تێکداوە و پێنج ژنت هەیە، شەرم ناکەیت تەماشای وێنەی وەها دەکەیت؟

ئەویش گوتی: قوربان لە براکەت بپرسە، ئەو قەڵەم پاندانە لەگەڵ دەستەیەك حەبی ڤیاگرا ئەو بە دیاری بۆی هێناوم.

کە وای گوت، ئامادەبووان لە قاقای پێکەنینیان دا و برای وەزیریش لە ترسی وەزیری بەرگری وەك کەروێشك دەرپەڕی و چووە دەرەوە.

## فەرماندەش تڕ دەکات

فەرماندەیەك لە کاتی شەڕ بە پێش چەکدارەکانی کەوتبوو، هێرشیان بۆ سەر دوژمن دەبرد، سەنگەری دوژمن لەسەر لووتکەی شاخەکە بوو، فەرماندەکە بە پێش چەکدارەکان کەوتبوو، بە شاخەکە هەڵدەگەڕا، لەو کاتەدا تڕێکی لێ بەربوو، هەندێك لە چەکدارەکان لە قاقای پێکەنینیان دا، ئەوانی تریش دەستیان لەسەر دەمیان دانا و پێکەنینی خۆیان قووتدایەوە.
فەرماندەکەش ئاوڕی دایەوە و گوتی: بۆچی پێدەکەنن، بۆ نابێ فەرماندە تڕ بکات؟!

## بێلایەن

خۆی وەك بێلایەن نیشان دەدا، بەڵام بۆ دوو قرۆش لە دەرگای هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی دەدا.

## نەفس نزم

بە درێژایی ساڵ، هەر چوار وەرز بە بەردەوامی چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ حەلوایی لەبەر دەکرد. سمێڵێکی باریك و تەنکە ڕدێنێکی بەردابۆوە، وەکو بێ ئیش و کارێك بە درێژایی ڕۆژ لە شەقامی سیروان و شەقامی باتا دەسووڕایەوە، دەمی نیوەڕۆش لایدەدایە چێشتخانەیەکی شەعبی و برنج و مەرەگەیەکی سادەی

سێ هەزار دیناری دەخوارد و هەر لەوێش چایەکی شیرینی لەسەر فڕ دەکرد، زۆر جار پارەشی نەدەدا، کەسێك لەجیاتی ئەو دەیدا.

کەسێکی نەفس نزم و کاسەلێس بوو، هەستی بە بەرپرسیارێتی نەدەکرد، وەکو پشیلەی چێشتخانەکان لە کوێ خواردنی بەخۆڕایی هەبا ئەو لەوێ بوو.

ئەم دیمەنە هەموو ڕۆژێك دووبارە و سێبارە دەبۆوە، هیچ گۆڕانکارییێك بەسەر ژیانیدا نەدەهات، تا مردیش دەستبەرداری ئەم خەسڵەتەی نەبوو.

## قەساب

لەگەڵ خوشکەکەی چووە هەمان ئەو نەخۆشخانە ئەهلییەی کە پێنج ساڵ لەمەوبەر نەشتەرگەری سییەکانی تێدا کردبوو.

کە دکتۆر پشکنینی بۆ خوشکەکەی کرد، لە هەواڵی ئەو دکتۆرەی پرسی کە پێشتر نەشتەرگەری بۆ کردبوو، گوتی: پێنج ساڵ بەر لە ئێستا نەشتەرگەرییێکی گەورەی بۆ کردم و پارچەیەکی لە سیپەلکی ڕاستەم لێکردەوە، ئەگەر لێرە مابێت دەمەوێ بچمە لای و سوپاسگوزاری بم، چونکە لە سایەی ئەودا ئێستا دەژیم.

دکتۆرەکەش گوتی: ئەو لە دەرەوەی وڵات قەساب بوو، لێرە بە بڕوانامەیەکی ساختە خۆی کردبوو بە پزیشکی نەشتەرگەریی پسپۆر. پاش ئەوەی لێی ئاشکرابوو، تێیقوچاند و گەڕایەوە ئەو وڵاتەی کە لێی هاتبوو.

# دوو تاوەری هەوربڕ

لە چاوترووکانێکدا بوومە خاوەنی دوو تاوەری هەوربڕ.

هەریەکێك لەو تاوەرانە پێکهاتبوو لە دەیان نهۆم و دەیان شوقە. هێندە بەرز بوون، لە وەرزی زستاندا لەگەڵ هەور باوەشیان بەیەکدیدا دەکرد.

لەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستام، دەچوومە بەردەم تاوەرەکان و بە وردی لێم دەڕوانین و لە دڵی خۆم دەمگوت: (ئەگەر هەر تاوەرێك لەو تاوەرانە بە کرێ بدەم، خەرجی حەوت پشتم بۆ حەوت ساڵ بۆ دابین دەکات. لە چاو کۆشك و تەلار و باڵاخانەی بەرپرس و پیاوە دەوڵەمەندەکان هیچ نەبوو، ئەوەی من تەنها دوو تاوەر بوو، بەڵام بەرپرس و دەوڵەمەند هەبوو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و باڵاخانەی هەور بڕی بە دەرزەن هەبوو، ئەوان لە ترسی بلۆککردن و دەست بەسەرداگرتنی پارەکانیان لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پارەکانیان لەم پڕۆژانەدا سپی دەکردەوە، دەیان باڵاخانەیان بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە. منیش ئەو سامانەی هەمبوو ئەم دوو باڵاخانەیەم پێی دروست کردبوو.

سەردەمێك لە ترسی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و لەبەر حەشدی شەعبی، عەرەبی سوننە بە لێشاو ڕوویان لە کوردستان دەکرد، هەر بۆیە شوقەی بەتاڵ بە دەست نەدەکەوت، بەڵام دوای ڕووخانی ئیمارەتی داعش و گەڕانەوەی عەرەبی سوننە بۆ زێدی خۆیان، داواکاری لەسەر شوقە و یەکەی نیشتەجێبوون کەم بوویەوە.

کە سەیری باڵاخانەکانی خۆمم دەکرد و بە بەتاڵی دەمدیتن، زۆر خەفەتم دەخوارد، لە دڵی خۆم دەمگوت: (چی دەبوو ئەگەر ئەو پارەو پوولەم لەم

بالآخانانە خەرج نەدەکرد و لەبەرڕا خەرجم بکردبا، بەڵام ئەو برە پارەیەی لە دەستم بوو لەم دوو بالآخانەیە خەرجم کرد، ئێستاش پەشیمانی داد نادات و دەبێ هەناسەی حەسرەت هەڵمژم و بڵێم ئەم نانە بەم دۆشاوە).

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، هاوسەرەکەم بە دەنگی بەرز بانگی کردم گوتی: لە خەو هەستە کات درەنگە.

لەگەڵ دەنگی هاوسەرەکەم بە ئاگا هاتم، لە دڵی خۆم گوتم: (چاك بوو ئەوەی دیتم تەنها خەونێك بوو، دەنا دەبوو تا دەمردم خەفەتی لێ بخۆم و پێیەوە بناڵێنم).

## عومەری خاوەر

لە خەونمدا عومەری خاوەرم بینی لە گۆشەیەکی بەهەشت دەست لەسەر ئەژنۆ بە خەمناکی دانیشتبوو. پێمگوت: بۆچی خەمباری، خەفەت لە چی دەخۆیت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی: خەفەت لە دەسەڵات بەدەستانی خۆمان دەخۆم. ساڵانە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەنەوە، لەولاشەوە یەکێکیان فرۆکەوانێکی کیمیابارانەکە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکات، ئەوەی تریش فرۆکەوانێك لەو فرۆکەوانانە لای خۆی داڵدە دەدات.

# پێوەر

دوای دابڕانێکی زۆر، هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵیی خۆمم بینی، خاوەنی دوو باڵاخانەی چەند نهۆمی و کارگەیەکی مۆدێرنی کاشی و ڕیزە دووکانێك و خوێندنگایەکی ئەهلییە، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە بەیەکەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی قوتابی بووین، ماڵیان لە گەڕەکێکی شەعبی بوو، وەکو ئێمە کوڕە هەژار بوو. لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەرفەتێکی بۆ هاتە پێش و بە نزیکبوونەوەی لە کوڕەکانی سەرۆك کۆمار، بووە خاوەن سەرمایەیەکی زەبەلاح.

لێم پرسی ئێستا سەرمایەداریت و سەرمایەیەکی زۆرت هەیە، هەست بە چی دەکەیت؟

گوتی: هەست دەکەم مێشکم بۆتە پێوەر و بە زیادبوونی هەر سەرچاوەیەکی دارایی نوێ، لە ناو مێشکم تەنها ژمارەکان دەگۆڕێن.

## کاندیدی پەرلەمان

بۆ پەرلەمانی کوردستان خۆی کاندید کرد، پیاوێکی دەستڕۆیشتووی خاوەن دەسەڵاتە، هەزاران کارتی بە ناوی خۆی و ژمارەی لیستی هەڵبژاردنەکەی چاپ کرد. لە کۆڤێ بە دەم خواردنەوەی قاوەوە دانیشتبوو، هەر یەکێك لە هاوڕێکانی کە دەهاتنە ژوورەوە ڕێزمەیەکی لەو کارتانە پێدەدان و داوای لێ دەکردن دەنگی پێبدەن.

سڵاوم لێی کرد، لەجیاتی ئەوەی قاوەیەکم بۆ بانگ بکات، ڕێزمەیەکی لەو کارتانە پێدام و گوتی:

خۆم بۆ پەرلەمان کاندید کردووە، ئەم کارتانەت دەدەمێ بیدە دۆست و هاوڕێکانت، پێیان بڵێ دەنگم بدەنێ.

کە وای گوت، ئەو ڕۆژانەم بیر کەوتەوە کە بە هۆی ئەو پۆستە گەورەیەی کە لە حکوومەت هەیبوو، ئامادە نەبوو پەیوەندیی تەلەفۆنیم وەڵام بداتەوە.

گوتم: خەمت نەبێ، گشتی دەگەیەنمە ئەو شوێنەی کە شایەنیەتی.

کارتەکانم لێوەرگرت و چوومە W.C، گشت کارتەکانم بێ دەسکاری لە سەر حەوزی ئاوەکە دانا و هاتمە دەرەوە.

پاش ئەوەی قاوەیەکم خواردەوە و هەندێك پشووم دا، جارێکی تر چوومەوە W.C، بینیم حەوزی ئاوەکە دەیان ڕێزمەی کارتی تری هەمان کاندیدی پەرلەمانی لەسەر داندراوە.

## سەگە تەکییە

کە باوکی مرد، سەرەخۆشیم لێکرد و پێم گوت: بەخۆتان خۆش، مردن گەورە و بچووك نازانێت، کە ئەجەلی هات ئەوەی ماوەی تەواو بووبێت دەمرێت. ئەوەم گوت و سەیرێکی دەورو پشتیم کرد، خانووێك و تەکییەیەکم لە پشت ئەو دیت، پێم گوت: وابزانم ڕەحمەتی شتێکی وەهای لە دوای خۆی بۆ بەجێ هێشتوون کە موحتاجی کەس نەبن؟

ئەویش بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: تەنها خانوویێك و ئەم سەگە تەکییەی بۆ بەجێ هێشتووین.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت، ماوەیەکی زۆر ئەوم نەدیتەوە. بەڕێکەوت ڕۆژێك ئەوم لە پرسەی کەسێك بینی، پێم گوت ماوەیەکی زۆرە دیارنیت، خەریکی چیت؟

گوتی: لە شوێنی باوکی ڕەحمەتیم لە تەکییە دانیشتووم و خوداپەرستی دەکەم.

کە وای گوت، قسەکەیم بیرکەوتەوە، کە گوتی (باوکم تەنها خانوویێك و سەگە تەکییەکی بۆ جێهێشتووین)، بە پێکەنینەوە پێم گوت: ئەوەندەش باشە، ئەگەر ئەو تەکییە نەبایە چیتان دەکرد!

گوتی: کە باوکمان مرد ویستمان دایبخەین، دایکم گوتی تەکییە باوی نەماوە، ڕۆژ ڕۆژی زانست و قەڵەمە، بخوێنن باشترە لەوەی بەدوای خورافات و نەخوێندەواری بکەون. بەڵام لەوەتی بە ناوی دیموکراسی چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن دەکرێت، باوی تەکییە و خانەقا و دیوەخانی ئاغا و کوێخا گەڕاوەتەوە، لە خودا بەزیاد بێت، مانگانە پارەیەکی باشیان بۆمان بڕیوەتەوە، هەندێکی بۆ تەکییەکەمان خەرج دەکەین و شۆربای نیسك و پاقلەی بۆ دەروێش و مریدەکانمان پێ دابین دەکەین، ئەوی تریش خۆمان دەیخۆین.

منیش گوتم: ئەوان بەرامبەر ئەو بڕە پارەیەی کە پێتان دەدەن، چییان لێتان دەوێ؟

گوتی: دەیانەوێ خۆمان و دەروێش و مریدەکانمان لە هەڵبژاردن دەنگیان پێبدەین.

## لەخۆبایی

تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندبوو، هەندێك هەوڵە نووسینی هەبوو، کەسێکی لەخۆبایی بوو، هەر کتێبێکی نوێ دەرچووبا، دوو دێڕی لێ دەخوێندەوە و فڕێی دەدا و بە گاڵتەوە دەیگوت: ئەگەر من قارتی و قشتی وەها بنووسم، ڕۆژێ کتێبێك دادەنێم.

## ڕاوێژکاری بێکار

لە وڵاتێکدا پەرلەمانیان هەڵوەشاندۆتەوە و بێ پەرلەمانن، کەچی دوو بە قەدەر ژمارەی ئەندامەکانی، ڕاوێژکاری بێ کار دەوام دەکەن.

## بیرەوەریی جەنگاوەرێك

هەر لە منداڵییەوە لە دەوڵەت یاخی ببوو و چووبووە شاخ، دوای ڕاپەڕین و کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان گەڕایەوە.

سەردانم کرد و پێم گوت: هەموو ژیانت لە بەرگری نەتەوەکەت بەسەر بردووە، بۆچی ژیاننامەی تێکۆشانی خۆت بۆ نەوەی داهاتوو نانووسیتەوە، تا بۆ داهاتوو وانەی لێ وەربگرن؟

کۆمەڵێك کتێب و دەفتەر لە پێشی بوون، دەفتەرێکی دایە دەستم و گوتی: لەسەر داوای یەك دوو کەسی وەك تۆ دڵسۆز بیرەوەرییەکانی خۆم نووسیوەتەوە، بەڵام دوودڵم لە چاپکردنی.

منیش دەفتەرەکەم لێ وەرگرت و بە بێ دەنگی هەندێکم لێ خوێندەوە، بە گێڕانەوەی هەندێك ڕووداوی مێژوویی، ئەو ڕووداوانەی کە لە ناو مێشکمدا بوون، هەمووی ئاوەژوو کردنەوە. زۆر بە ڕاشکاوی و بەبێ ڕتووش ڕووداوەکانی گێڕابۆوە.

پێی گوتم: دەفتەرەکە دانێ، سەری خۆتی پێ مەیەشێنە، ئێستا زانیت بۆچی لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانم دوودڵم؟

منیش گوتم: ئەو فەرماندەیەی باسی داوێن پیسییەکەی دەکەیت و فەرماندەکەی تریش کە باسی ڕابواردن و خواردنەوە کهولییەکانی دەکەیت، دوور بوون لە مەزەندەی من.

بە دەم زەردەخەنەیەکی نەرمەوە گوتی:

ناکا ئەوانت پێ شەریفی مەککە بووبێت؟!

منیش گوتم: بە چی بزانم مرۆڤ لەناو ئەو شاخ و داخەش کاری وا قێزەون دەکات.

ئەویش گوتی: ئەی چی بەوانە دەڵێیت کە خیانەتیان دەکرد و لە ژێرەوە زانیارییان لەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەدا بە دوژمن؟

منیش گوتم: لەجیاتی ناوی ڕاستەقینەیان، ناوی خوازراویان بۆ دابنێ.

گوتی: ئەو ڕووداوانە تەنها من نایزانم، کەسانی تریش هەن دەیانزانن، بۆیە بشفرن هەر دەیانناسنەوە.

منیش گوتم: چارە؟

گوتی: بڕیارم داوە بیسووتێنم و بیر لە چاپکردنی نەکەمەوە.

گوتم: بۆچی؟

گوتی: زۆربەیان پلەیان بەرزەو لە من دەستڕۆیشتووترن، تاقەتی ململانێ و کێشمە کێشم نەماوە.

# شەوانە

بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کاتی ڕێست لە ژووری مامۆستایان بە دەم چا خواردنەوە بەیەکەوە دانیشتبوون، خزمەتگوزاری قوتابخانە هاتە ژوورەوە، ڕووی تێکرد و گوتی: دوو ژن هاتوون دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێت.

بەڕێوەبەری قوتابخانەش گوتی: نازانی چییان دەوێ؟

گوتی: ئەو داماوانە ڕزگاربووی شالاوی ئەنفالن، لە خودا و ئێوە بەولاوە کەسی تر شك نابەن پەنای بۆ بەرن، بۆ حەواندنەوەیان.

ئەویش گوتی: بیانهێنە ژوورەوە، بزانم چیمان پێدەکرێت بۆیان.

خزمەتگوزارەکەش چووە دەرەوە و دوای هەندێك دوو ژنەکەی هێنا ژوورەوە.

بەڕێوەبەر پاش ئەوەی گوێی لە بەسەرهاتە تراژیدییەکەیان بوو، ڕووی لە مامۆستایەك کرد، کە بە ژنێکی دیندار و خوداپەرست ناوبانگی دەرکردبوو، پێیگوت: تۆ لە هەمووومان گونجاوتری، خەڵکی خێرخواز دەناسیت، بە خێری خۆت مشووریان بخۆ.

ئەویش ڕووی تێکردن و گوتی: ماڵی حەزرەتی شێخ لە سەری کۆڵانە، بەناوی من بڕۆنە تەکییەکەی و چیرۆکی خۆتانی بۆ باس بکەن، ئەو ماڵی خۆی کردۆتە شوێنی کەسانی داماو و لێقەوماو، خواردن و خواردنەوەتان دەداتێ و دەشتانحەوێنتەوە.

ئەوەبوو لەگەڵیان چووە دەرەوەو تەکییەی شێخی پیشاندان و گەڕایەوە.

ڕۆژی دواتر، لە کاتی دەوام، خزمەتگوزارەکە هاتە ژوورەوە و بە مامۆستاکەی گوت:

ئەو دوو ژنەی دوێنێ هاتوونەتەوە و دەیانەوێ تۆ ببینن.

ئەویش گوتی: دیارە لە ماڵی حەزرەتی شێخ زۆر موڕتاح بوونە، هاتوون سوپاسگوزارم بن.

کە دوو ژنەکە هاتنە ژوورەوە هێندە تووڕە بوون، ئاگریان لە چاوان دەباری. بێ ئەوەی سڵاو بکەن، ڕوویان لە مامۆستاکە کرد و گوتیان: خوشکم تۆ مادام دەتزانی ئەو شێخە داوێن پیسە، بۆچی پێت نەگوتین و ڕەوانەی ئەوێت کردین؟

مامۆستاکە کە گوێی لەو قسانە بوو، ئەبڵەق بوو، بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

خوشکەکانم، دانیشن بۆمان باس بکەن، حەزرەتی شێخ چ ڕەفتارێکی ناشیاوی لەگەڵ کردوون وا تووڕە بوون.

یەکێکیان گوتی: جا چی نەکردووە!

ئەویش گوتی: بە چی بزانم کەسێکی چۆنە و چۆن نییە، ئەو بە سەروسیما و مەندیلی سەری بێت، شەیتان شەرمی لێ دەکات، لە دوورەوە بە کەسێکی نوورانی دەچێت و هەموو دەم تەکییەکەی جمەی دێ لە خەڵکانی وەکو ئێوە بێکەس و داماو.

ژنەکەش گوتی: کە چووینە تەکییەکەی، یەکێك لە مریدەکان گوێی لێ گرتین، دوای ئەوەی چیرۆکی خۆمان بۆی گێڕایەوە، ئێمەی بردە لای حەزرەتی شێخ و چیرۆکەکەی بۆ باس کرد. ئەویش پێی گوت: لەگەڵ خۆت بیانبە، جێگای نووستنیان پیشان بدە، دوو دەستە جلی نوێشیان پێبدە و گەرماوەکەشیان پیشاندە، با خۆیان خاوێن بکەنەوە و جلە نوێیەکان لەبەرکەن. دە دیناریشی پێداو گوتی (یەك و پێنج دیناریشیان بدێ، بڵێ شێخ پێنج دینار شەوانەی بۆ هەریەکێکتان بڕیوەتەوە).

مامۆستاکەش گوتی: ئەو چاکەیەی لەگەڵ کردوون، هێشتان گلەییش دەکەن؟

ژنەکەش گوتی: دوای ئەوەی خۆمان شوشت و چووینە سەرجێ و خەوتین، درەنگی شەو ئەو بێناموسە هاتە ژوورەکەمان، خۆی خزاندە ژێر بەتانییەکەم، ویستی دەستدرێژیم بکاتە سەر. منیش ویستم هاواربکەم، دەستی خستە سەر دەمم و پێی گوتم: هاوار نەکەیت، شەوانەم پێت داوە و دەمەوێ ئەم شەو بۆ من بیت.

## پرسە

لە مەراسیمی مارەکردنی خوارزایەکەی تووشی مەوقفێکی موحریج بوو، کاتێك مەلا بووك و زاوای لەیەکتری مارە کرد، هاتە لایان، هەر بەپێوە سوورەتی فاتیحەی خوێندەوە و هەمووان لەدوایان گوتەوە، ئەویش لە دوای گوتنەوە، لەو کاتەدا فکری ڕۆیشت، وای زانی یەکێك مردووە و لە مەجلیسی پرسەدایە، کە سوورەتی فاتیحەکەی تەواو کرد، بە دەنگی بەرز گوتی (**أَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ** ).

# شادان

شادان قوتابی کۆلێژە، لە ئەزموونی مانگانە لە وانەی ئینگلیزی بە خراپی وەڵامی دابۆوە، زۆر دەترسا بکەوێت، لە خۆشی ڕانەدەدیت بە مامۆستای بابەتەکە بڵێت کە یارمەتی بدات، چونکە ئەو کەسێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو بەرامبەر قوتابیانی کوڕ، تەنها هەست و سۆزی بۆ قوتابیانی کچ هەبوو.

دوای حەفتەیەك دەفتەری ئەزموونەکانی بە تەسیحکراوی بۆ هێنانەوە و نمرەکانی بۆ خوێندنەوە.

کە شادان گوێی لە ناوی خۆی بوو، پێش ئەوەی نمرەکەی پێ بڵێ، دڵنیابوو کە کەوتووە، چونکە زۆر خراپی وەڵام دابۆوە، بۆیە لە شەرمەزارییان سەری خۆی شۆڕکرد و بە سەری لێوان نقەیەکی لێوە هات.

مامۆستاش بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێت و تەماشای بکات، گوتی شادان پیرۆزە نمرەی تەواوت وەرگرتووە.

شادانیش سەری سوڕما، لە خۆشییان هیچ قسەی بۆ نەهات.

مامۆستاش جارێکی تر بە دەنگی بەرز گوتی شادان لەگەڵ تۆمە بۆ دەنگ ناکەیت؟

ئەویش سەری خۆی هەڵبڕی و بە دەنگی بەرز گوتی: بەڵێ مامۆستا.

مامۆستا کە گوێی لە دەنگی قوتابییێکی کوڕ بوو، بە دەنگی بەرز گوتی:

تکایە کەس لەجیاتی ئەو وەڵام نەداتەوە، با خۆی وەڵام بداتەوە.

شادانیش جارێکی تر گوتی: مامۆستا من شادانم گوێم لێتە.

مامۆستاکەش ئەمجارە سەری هەڵبڕی و سەیری قوتابییەکانی کرد و بە تووڕەییەوە گوتی:
ئەگەر کەسێك لەجیاتی ئەو وەڵام بداتەوە نمرەی لێ دەشکێنم، لێگەڕێن با خۆی وەڵامم بداتەوە.
ئەم جارە گوتی: شادان خان لە کوێی، پێم گوتی باشترین نمرەت وەرگرتووە، ئافەرین.
قوتابییەکانیش لە قاقای پێکەنینیان دا.
مامۆستا کە چاوی بە شادان کەوت، کە بینی کچ نییە، واقی وڕما، دووبارە چاوی بە دەفتەرەکەیدا خشاندەوەو بە قەڵەمە سوورەکەی، زەربێکی گەورەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە پیا هێناو بە تووڕەییەوە گوتی: نمرەکەت هەڵە بوو، وەڵامەکەت تەواو نییە، بە داخەوە هیچ نمرەت وەرنەگرتووە.

## بە تامی حەیران

لە مەراسیمی کردنەوەی کۆنگرەی زانستیی زانکۆ، هیچ مامۆستایەکی ئایینی ئامادەی کۆنگرەکە نەبوون، کاتی دەستپێکردنی پرۆگرامەکان زۆری نەمابوو. سەرۆکی زانکۆ تەنگاو بوو، بە سکرتێرەکەی گوت: یەکێك لەو مامۆستا و قوتابیانەی کە قورئانیان لەبەرە، بهێنە پێی بڵێ چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە و کۆنگرەکە بکاتەوە.
ئەوەبوو، سکرتێری سەرۆکی زانکۆ هاتە نێو ئامادەبووان و بە دوای کەسێکی دەنگخۆش دەگەڕا، بەڵام کەسی دەست نەکەوت.

سەرۆکی زانکۆش بە دڵەڕاوکێ لە دوورەوە بە وردی تەماشای ئامادەبووانی دەکرد و چاوی دەگێڕا کەسێکی گونجاو بدۆزێتەوە و ئەو ئەرکەی پێ بسپێرێت.

ئەوەبوو، چاوی بە نوێنەری یەکێتی قوتابیان کەوت، کە پێشتر لە بۆنەکانی قوتابیاندا گۆرانی گوتووەو کەسێکی دەنگخۆش، قورئانێکی دایە دەستی و پێی گوت: هیچ کەسی ئایینی و قورئانخوێن دەستمان نەکەوتووە، قورئانمان بۆ بخوێنێت و لەم مەوقیفە موحریجە ڕزگارمان بکات. برۆ سەر شانۆ چەند ئایەتێکی کورت بخوێنەوە، با میوانە بەڕێزەکان و جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا لەوە زیاتر چاوەڕێ نەکەن.

ئەویش بە شەرمەوە گوتی: گەورەم ڕاستە من دەنگم خۆشە، بەڵام هیچ لە خوێندنەوەی قورئان نازانم.

ئەویش گوتی: خۆ زانستی فەلەك نییە، کامە سوورەت لە هەموویان کورتترە بیخوێنەوە و ڕزگارمان بکە.

ئەویش قورئانەکەی لێ وەرگرت و لە شەرمان قسەی نەشکاند.

چووە سەر شانۆ و قورئانەکەی بە کراوەیی لە بەردەمی خۆی دانا و دەستەکانی خستەوە ژێر گوێی و لەسەر ڕیتم و ئاوازی حەیران، بە دەنگی بەرز قورئانی دەخوێند.

سەرو ژێر و لەفزەکانی هەمووی بە هەڵە دەخوێندنەوە، لە ناو هۆڵی کۆنگرە بووە غەڵبە غەڵب و هەندێکیش لە ئامادەبووان بە پێکەنینەوە دەیانگوت: ئەوە قورئان خوێندنە، یان حەیران گوتن.

وەزیری خوێندنی باڵاش کە گوێی لەوە بوو، خۆی پێ نەگیرا و بە سەرۆکی زانکۆی گوت:

پێی بڵێن با بەسی بکات و لەسەر شانۆ بێتە خوارەوە، ئەوە قورئان خوێندنە، یان سووکایەتیکردنە بە ئایین؟!

سەرۆکی زانکۆش لە شانۆ نزیك بۆوە و بە دەستەکانی ئیشارەتی بۆی کرد، کە دەست لە خوێندنەوەی هەڵگرێت و بێتە خوارەوە. بەڵام ئەو وای زانی بە دەنگەکەی سەرسامن، بۆیە دەنگی زیاتر بەرز کردەوەو گەرمتر بوو، ئەوەی گوێی لە دەنگی با، وای دەزانی حەیرانەکانی ڕەسووڵ گەردی دەڵێتەوە.

وەزیر زۆر توورە بوو، لە توورەییان ئاگر لە نیوچەوانی دەباری. دووبارە لە سەرۆکی زانکۆی دووپات کردەوە کە بیهێنێتە خوارەوە و گوتی: خۆزگە کۆنگرەکەت بەبێ ئەوە دەکردەوەو ئەم مەهزەلەیەمان نەدەدیت.

ئەویش بانگی سکرتێرەکەی کرد و پێی گوت: بڕۆ سەر شانۆ بەو بێ ئەقڵە بڵێ بەسی کات و بێتە خوارەوە.

ئەویش چووە سەر شانۆ و لە دواوە لچکێکی چاکەتەکەی ڕاکێشاو پێی گوت:

مردووت نەمرێ دەمێکە سەرۆکی زانکۆ بە دەستەکانی ئیشارەتت بۆ دەکات کە بێیتە خوارەوە، کەچی تۆ زیاتر وەزعەکەت تێکداو بە کەیفی خۆت بەناو کەوتی، ئەمە قورئان خوێندنە، خۆ حەیران گوتن نییە!

# زار و مار

دوو برا له باوکێکی کورد و دایکێکی عەرەب بوون، کوڕە گەورەکە زیاتر هەستی نەتەوە پەرستیی عەرەبی هەبوو، بۆیە لە منداڵییەوە خۆی بە خزم و کەسی داکی و نەتەوەی عەرەب هەڵدەدایەوە. برا بچووکەکەش پێچەوانەی ئەو خۆی بە کورد دەزانی و شانازی بە کوردبوونی خۆی دەکرد و خۆی بە خزمەکانی باوکی و نەتەوەی کورد هەڵدەداوە.

کە گەورەبوون، برا گەورەکە چووە ناو ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و برا بچووکەکەش چووە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ڕێکخستنەکانی حیزبەکانی کوردستان.

برا گەورەکە لە حیزب پلەی بەرز بۆوە و بووە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە شاری هەولێر و لە سوپای عێراقیش بووە ئەفسەر و ئامیر فەوجی فەیلەقی یەك. برا بچووکەکەش دوای شاڵاوی ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان چووە ڕێزەکانی پێشمەرگە لە شاخ و چەکی لە دژی حکوومەت هەڵگرت.

دوای ئەوەی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی بووە وەزیری بەرگری عێراق، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ قائید فەیلەقی یەك و ئامیر فەوج و ئامیر لیواکان، کە براگەورەکە تیایدا بەشدار بوو. لە ناو کۆبوونەوەکەدا، عەلی کیمیاوی ڕووی تێ دەکات و پێیدەڵێ: تۆ موخەڕیبی، برایەکت لە شاخ چەکی لە دژی ئێمە هەڵگرتووە و تۆش لێرە سیخوڕیمان لە سەر دەکەیت.

ئەمەو دەیان جوێنی پیس و بازاڕی پێدەدات و بە دەستەکانی خۆی ڕوتبەی سەر شانی لێ دەکاتەوەو بە تووڕەییەوە فڕێی دەدات و ڕوو لە قائیدی فەیلەق دەکات و پێیدەڵێ:

لەم ڕۆوە ئەو تەنها سەربازێکی ئاساییە و بیگوازەوە بۆ وەحدەیەکی تر.

ڕوو لەویش دەکات و پێیدەڵێ:

چیتر تۆ ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس نیت، تۆ تەنها لایەنگری حیزبی بەعسیت.

کە کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، قائیدی فەیلەق دڵی دەداتەوەو دەڵێ:

ببوورە کە ناچارم پلەکەت لێ بستێنمەوە و فەرمانی وەزیر جێبەجێ بکەم.

دوای ماوەیەك لە سەروبەندی شەڕی عێراق و ئێران، سەدام حوسێن سەرۆك کۆمار دێتە فەیلەقی یەك و لەگەڵ ئامیر فەوج و ئامیر لیوا و ئەفسەرە پلە باڵاکانی فەیلەق کۆ دەبێتەوە و بە تایبەتی لەو ئەفسەرە دەپرسێت کە لەلایەن عەلی کیمیاوییەوە ڕوتبەکەی لێ سەندراوەتەوە و دەڵێ:

فڵان ئەفسەر دیار نییە، لە کوێیە؟

قائیدی فەیلەقیش بە شەرمەوە پێیدەڵێ: سەیدی لە وەحدەی ئازووقەیە.

ئەویش دەڵێ: لەوێ چی دەکات؟

ئەویش چیرۆکی دابەزاندنی پلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لەوەتی بە فەرمانی وەزیر ڕوتبەکەی لێ سەندراوەتەوە، وەك سەربازێکی ئاسایی لەوێ کار دەکات.

سەرۆك کۆمار کە ئەمەی گوێ لێ دەبێت، لە تووڕەییان هەردوو برۆیەکانی جووت دەبن و ئاگر لە نیوچەوانی بەردەبێت، جوێن بە وەزیری بەرگری دەدات و دەڵێت:

سووچی خۆمە، ئەگەر ئەو نەخوێندەوارەم لە عەریفییەوە نەکردبا بە وەزیری بەرگری، ئێستا ئەو سووکایەتییەی بە ئەفسەرێك نەدەکرد کە بە مەرسوومی کۆماری پلەی پێدراوە نەك فەرمانی ئەو.

ئەمەو لە دوای دەنێرێت و چاوی پێدەکەوێت و ڕوتبەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە و لە بری ئەو سووکایەتییەی کە پێی کراوە، پاداشتی دەکات و ئۆتۆمبێلێك و پارچە زەوییێکی گەورەی لە باشترین شوێنی شاری بەغداد پێدەدات.

## ڕۆژی شەهید

لە ڕۆژی شەهید، لە پارکی نیشتمان لە ناو جەرگەی پایتەخت، وەزارەتی شەهیدان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکوومەت، کۆمەڵێك ستاندیان لە ناو پارکەکە بە شێوەیەکی بازنەیی دابەشکرد و وێنەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییان لەسەر دانا.

ئەمەو بە ڕێگەی چەند بلّنگۆیەکەوە سروودی (ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان، نامرێ ناوونیشانتان) بە دەنگی بەرز لێدەدا.

خانەوادەی شەهیدان و کەسوکار و دۆست و برادەرانی سەنگەری خەبات، لە نزیك پارکەکە ڕاوەستابوون، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی گەیشتنی سەرۆکی حکوومەتیان دەکرد بۆ کردنەوەی پیشانگاکە.

پاش ئەوەی گشت ئامادەکارییەکان تەواوبوون، بووە تەپ و تۆز لە هەموو لایەك، کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکی حکوومەت و پاسەوانەکانی گەیشتنە ئەوێ.

پاسەوانەکان بازنەیەکی تۆکمەیان بە دەوری پارکەکە دروست کرد، نەیانهێشت هیچ کەسێك بێجگە لە دەست و پێوەندەکانی حیزب و حکومەت بچنە ناو پارکەکە.

سەرۆکی حکوومەتیش بە خێرایی جەولەیەکی بەناو وێنەکاندا کرد و پەیامنێر و ڕۆژنامەڤانیش ڕووی کامێراکانیان کردبووە سەرۆکی حکوومەت و ڕووداوەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ تیڤییەکان دەگواستەوە.

لە نێو ئاپۆڕەی ئەو خەڵکەدا، هەبوو دەیگوت باپیرم شەهیدی سەنگەر بووە، یەکێکی تر دەیگوت کاتێك منداڵ بووم باوکم و برا گەورەکەم لە پێناوی نیشتیمان شەهید بوونە، لەولاتریش هەبوو ناوی برادەرەکانی خۆی دەهێنا کە لە پێناو نیشتیمان سەریان ناوەتەوە.

هەموویان بە عیشقەوە چاوەڕێ بوون لەم بۆنە خۆشەدا جارێکی تر بە وێنە و یادگارییەکانی ئەو شەهیدانە شاد ببنەوە.

سەرۆکی حکوومەت لە تەماشاکردنی تابلۆ و وێنەکان بۆوە، قاچێکی لە ناو پارکەکە بوو، قاچەکەی تریشی لە دەرەوە بوو، ڕێکخەرانی پیشانگاکە بە خێرایی وێنەکانیان هەڵگرت و ستاندەکانیان لە ناو بارهەڵگرێك هەڵگرت و کۆتاییان بە پیشانگاکە هێنا.

# جوان

شێخ عەبدوللا لە فەرمانگەیەکی حکوومەت بەڕێوەبەری ژمێریارییە. ماوەیەك بوو چاوەڕێی دامەزرانی فەرمانبەرێك بوو، بۆ ڕاییکردنی ئیش و کارەکانی.

دوای پەسندکردنی بودجەی ساڵی نوێ، تیایدا پلەیەکی وەزیفی بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرێك بۆ ئەو یەکەیە جێگیر کرا و جوان ناوێك دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و دارایی بەشی ژمێریاری، ناوی گەڕایەوەو بە نووسراوێك ئاگاداری فەرمانگەی ناوبراو کرایەوە.

هێشتان ناوبراو دەست بەکار نەبووبوو، شێخ عەبدوللا خۆی لێ خۆش کردبوو، بە خەیاڵی جوان خان پرچە ماش و برنجییەکەی وەك قاڵتاغ ڕەش کردبۆوە و برۆیەکەشی کە ئەستوور بوو، وەکو برۆی ژنە سۆزانییەکان لەسەر یەك داو هێشتبوویەوە.

لەو ڕۆژەی هەواڵی دامەزراندنی جوان خانی پێ گەیشت، ئاشق ببوو، خەیاڵ دەیبردەوە و ئاگای لە ئیش و کارەکانی نەمابوو.

پاش ئەوەی فەرمانی کارگێڕی بۆ دامەزراندنی جوان دەرچوو، بڕیاربوو ئەو ڕۆژە سەردانی فەرمانگە بکات و دەستبەکار بێت. شێخ عەبدوڵاش لە پشت مێزەکەی بە پەرۆشەوە دانیشتبوو، چاوەڕێی هاتن و دەستبەکاربوونی جوانی دەکرد.

کچێکی لاواز و دەموچاو چرچ و لۆچاوی، خێل و خیچ و ڕەش ئەسمەرێکی تۆخ دەتگوت باینجانە، هاتە ژوورەوە و دوای سڵاوکردن، نووسراوێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و دایە دەست شێخ عەبدوللا و گوتی:

ناوم جوانە و لەم فەرمانگەیە دامەزراوم، سەرۆکی فەرمانگە پێی گوتم کە لە یەکەی ژمێریاری لای ئێوە دەستبەکار بم.

شێخ عەبدوللا کە ئەوی بینی، لە خەفەتان چاوەکانی زەقبوونەوە، لەجیاتی بەخێرهاتنی بکات، منگەیەکی لێوە هات و لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی نزم گوتی: داخی گرانم ناوەکەی لە خۆی ناوەشێتەوە.

## خودای فیزیکی

لە جیهانێکی تایبەت دەژیا، لە منداڵییەوە، لەو کاتەی دایك و باوکی مردن و بۆ دنیایەکەی دی ئۆغریان کرد، ژیانی تەنیایی هەڵبژارد و لە نێوان چوار دیوار و بەدەم خەیاڵ و لە دنیای وەهم لەگەڵ سیسرکە و مشك و قالۆچەکانی خانووە کۆنەکەی کە لە دایك و باوکی بە میرات بۆی مابۆوە ژیانی بەسەر دەبرد.

بڕوای بە هیچ نەبوو، کەسێکی خەمۆکی و ڕەشبین بوو، پێیوابوو ژیانی ئەم دنیایە هیچ نییە، گەر سامانی هەموو دنیات هەبێت و ناوو ناوبانگیشت لە هەموو دنیا دەنگی دابێتەوە، یەك فلسی سوور ناهێنێت و هەمووی هیچە.

سەبارەت بە ئایین و فیکر و فەلسەفەش بۆچوونی خۆی هەبوو، ئەو پێیوابوو لەگەڵ فەیلەسووفان و هزرمەندان و پێغەمبەران هیچ جیاوازییێکی نییە و لەوان ئاقڵتر و زانا و داناترە و لە خودا بەولاوە حسێبی بۆ هیچ کەسێك و بیر و باوەڕێك نەدەکرد.

دەیگوت: خودای من لەگەڵ خودای ئێوە جیاوازە، خوداکەی من فیزیکییە، خودای ئێوە ڕۆحانییە. خودای من بە هاوکێشەیەکی کیمیایی و فیزیایی ئەم گەردوونە و گشت بوونەوەرەکانی دروست کردووە، خوداکەی ئێوە ڕۆحانییە، سەر و سمێڵی هەیە و دەبیندرێت، خواردن و خواردنەوەی لەگەڵ دەخۆن.

# جەڕجیڕ

دەستی بۆ سەبەتەی جەڕجیڕەکە درێژ کرد و هێنایە بەر دەمی خۆی و وەکو کەروێشك کەوتە سەری و خواردی.

یەکێك لە ئامادەبووانی خوانەکە پێی گوت: ئەم گیایە چ سوودێکی هەیە وا کەوتوویتە سەری و دەیخۆیت؟

گوتی: لەجیاتی ڤیاگرا ئەمە بخۆن، لەویش کاریگەرترە و هیچ زیانیشی نییە.

ئەویش گوتی: تۆ هەموویت خوارد هیچت بۆ ئێمە نەهێشتەوە تا بیخۆین.

ئەویش گوتی: توور بخۆن، ئەویش وەکو جەڕجیڕ هەمان شتی تیایە.

پیرەپیاوێك لە نزیك خوانەکە دانیشتبوو، کە گوێی لێ بوو، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

کەس بە قەدەر من جەڕجیڕ و تووری نەخواردووە، ئەگەر ئەوە ڕاست بووایە، دەبوو شەوبێریم نەکردبا.

# وشەی یەکتر بڕ

ویستی چاوی بە وەزیر بکەوێت، چووە لای سکرتێری وەزیر داوای دیتنی وەزیری کرد. سکرتێری وەزیر قوتابی ئەو بوو، کە چاوی پێی کەوت لەبەری هەستا و بە گەرمی پێشوازی لێ کرد و لای خۆی داینیشاند.

خەڵکێکی زۆر لای سکرتێر دانیشتبوون، دەیانویست چاویان بە وەزیر بکەوێت. سکرتێری وەزیر چەند جارێك دووبارەی کردەوە کە جەنابیان کۆبوونەوەیەکی گرنگیان هەیە و دەبێ چاوەڕوانبن.

مامۆستاش هەندێك چاوەڕێی کرد، کە زانی وەزیر کاتی نییە بیانبینێ، بەسکرتێری گوت:

دەڕۆم ڕۆژێکی تر بۆ سەردانی وەزیر دێمەوە.

سکرتێری وەزیریش، چاوێکی لێ نووقاند و پارچە کاغەزێکیشی پێدا، تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە وەزیر لە ژوورەکەی تەنهایە، دەتوانێ لە پشتەوە لە دەرگای تایبەت بچێتە لای.

مامۆستاش کاغەزەکەی خوێندەوە و بە بێ دەنگی چووە دەرەوە و لە دەرگا تایبەتییەکە چووە لای وەزیر.

ئەو خەڵکەش پرتەوبۆڵەیان بوو، چاوەڕێی تەواوبوونی کۆبوونەوەی وەزیر بوون، تا بچنە لای بۆ بەدواداچوونی کارەکانیان.

وەزیر گۆڤارێکی لە بەردەم بوو، سەرقاڵی پڕکردنەوەی وشە یەکتر بڕەکان بوو.

چوار تەلەفۆنی سەرمێزیشی لە بەردەست بوو، ناوە ناوە تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی دەکرد و لە بارەی وەڵامی وشە یەکتر بڕەکان لێی دەپرسی.

که چاوی به مامۆستا کەوت پێی گوت: باش بوو هاتی، لە بەیانییەوە خەریکی وەڵامەکانی ئەم وشە یەکتربڕانەم، هەموویم هەڵێناوە، تەنها دوو ستوون ماوە، هیوادارم بە یەکەوە هەڵیان بێنین.

## وەبەرهێنەر

سەرۆکی زانکۆی ئەهلی هاوڕێی دێرینی بوو، پێشتر بەر لەوەی خانەنشین بێت، ماوەیەکی زۆر لەگەڵی کاری کردبوو.

کاتێك بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بارودۆخی حکوومەت خراپ بوو، بیری لەوە کردەوە بۆ ماوەیەك ڕاژەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو زانکۆ ئەهلییەی کە هاوڕێیەکەی سەرۆکیەتی.

ئەوەبوو ڕۆیشتە لای و داوای لێ کرد، ڕەزامەندی پێبدات بۆ گواستنەوەی ڕاژەکەی.

سەرۆکی زانکۆ، خۆی وەها پیشاندا کە زۆری پێخۆشە، بە دەستەکانی خۆی فۆرمی گواستنەوە و پەڕاوەکانی بۆ پڕ کردەوە و بە دوای بەرپرسی خۆیەتی نارد و پێیگوت:

کەی مامەڵەکەی تەواو بوو، ئاگاداری جەنابی پرۆفیسۆر بکەوە تا لای ئێمە دەستبەکاربێت.

بەڕێوەبەری خۆیەتیش پێشتر قوتابی ئەو بوو، ڕێزی نواند و گوتی:

هیچ خەمت نەبێ، خۆم هەموو کارەکانت بۆ تەواو دەکەم و ئاگادارت دەکەمەوە.

پرۆفیسۆریش بە کۆمەڵێك هیوا و ئومێدەوە ئەوانی بەجێهێشت و گەڕاوە ماڵەوە.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی هەواڵی گواستنەوەی ڕاژەکەی دەکرد، بەڵام هیچ دەنگی نەبوو.

تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەری خۆیەتی کرد و پێی گوت: مامەڵەی گواستنەوەکەم چی بەسەر هات؟

بەرپرسی خۆیەتیش گوتی: بەداخەوە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە وەبەرهێنەر ڕازی بکەین، چونکە پلەی زانستیت بەرزە و خاوەنی زانکۆ، کە وەبەرهێنەری زانکۆکەیە لە هەمان کاتدا، ڕازی نییە مامۆستایانی پلە بەرزی وەکو تۆ لە زانکۆکەی وەربگیرێن، پێی باشە بە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و مامۆستاو مامۆستای یاریدەدەر میلاکی زانکۆ پڕ بکەنەوە، چونکە ئەوان مووچەی کەمتر وەردەگرن و کاتژمێری زیاتریش وانە دەڵێنەوە.

## پشتگوێ خستن

کەسایەتییێکی ناودار بوو، خاوەنی چەندین کتێبی ناوازە بوو. لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، لە حوکمی کۆماریشدا وەزیر بووە و چەندین پلەو پۆستی باڵای وەرگرتووە. ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق و کوردزان بوو، زمانێکی پاراوی هەبوو، لە نووسینی عەرەبیشدا کارامە و شارەزا بوو.

ساڵانێکی زۆر بوو لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق دەژیا، تا هێنایانەوە زۆریان لە بن گوێی خوێند، خانوویێکیان بە یەك ملیۆن دیناری سویسری لە هەرێمی کوردستان بۆ کڕی.

خۆی و هاوڕێکەی کاتێك دەهاتنە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، گەورە و بچووك دەهاتنە پێشوازییان و شوێنی خۆیان دەدانێ.

دواجار لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، لە بارەی جیاوازی پێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان شارەکان، بەرپرسانی حیزبی و حکوومی زۆر پێی قەڵس بوون و لەو ڕۆژەوە کاتێك خۆی و هاوڕێکەی دەهاتنە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، بەرپرسان پشتگوێیان دەخستن و چیدی نەدەچوونە پێشوازییان و لە ڕێزی پێشەوەش کورسییان بۆ چۆڵ نەدەکردن.

## ئای قسمەت

هەموو ڕۆژێك کاتی چێشت خواردن خۆی و ژن و منداڵەکانی لەسەر خوانەکە ئامادە دەبوون و دەیگوت:

ئای قسمەت.

ئەمەی دەگوت و لە سەر خوانەکە دادەنیشتن و لوقمەیان لێ بادەدا.

ئەم وەزعە چەند مانگێك دووبارە بۆوە. لە مانگی ڕەمەزانیش هەموو ئێوارەیەك لە کاتی بەربانگ بێ ئاگادارکردنەوە بە ژوور دەکەوتن و خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانی و لەسەر خوانی چێشت خواردن چوارمەشقی لێی دادەنیشتن و دەیانگوت: ئای قسمەت.

ئەمەو دەکەوتنە سەر خواردن و بێ ئەوەی هیچ حیسابێکیان بۆ بکەن، تەنانەت قاپەکانیشیان وەکو پشیلە دەلێستەوە.

ئەم چاوچنۆکی و کاسەلێسییەیان زۆر بێزاری کردبوو، چەند جارێك پێی گوتن: هیچ نەبێت پێش ئەوەی بێن، ئاگادارمان بکەنەوە، تا لە خواردنەکە حیسابی ئێوەش بکەین و بە برسێتی نەمینێینەوە.

بەڵام ئەوان هیچ گوێیان بە قسەکانی نەدا و بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕەفتارە ناشیرینەیان.

ڕۆژێك ماسییان بۆ بەربانگ برژاندبوو، مەلا بانگی دا، هێشتان ڕۆژوویان نەشکاندبوو، وەکو جاران بە ژوور کەوتن و هەمدیس گوتی: ئای قسمەت.

ئەمەی گوت، ویستیان لەسەر خوانەکە دانیشن، لێنەگەڕا دانیشن، وەکو فیشەکە شێتە بە ڕوویاندا تەقییەوەو بە دەنگی بەرز هاواری بە سەردا کردن و گوتی: قسمەت قسمەتی چیتانە، لەگەڵ دەنگی مەلا وەکو چەقەڵ لێمان بە ژوور کەوتوون. تەنها بەشی خۆمان خواردنمان ئامادەکردووە، ئەگەر ئێوە ئەم ماسییە بخۆن دەبێ ئێمە زەقنەبووت بخۆین.

ئەمەی گوت و دەری کردن و گوتی: نامەوێ جارێکی تر لێرە دەموچاوتان ببینمەوە، لە کوێ هاتوون بڕۆنەوە ئەوێ.

## کاشخۆر

له سەری مەجلیس دانیشتبوو، باسی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دڵسۆزیی خۆی دەکرد، له کەس ڕازی نەبوو، هەمووانی تۆمەتبار دەکرد به گەندەڵی.
هەموو ڕۆژێك هەمان تاس و حەمام، به هەمووانی دەگوت:
ئێوه گەندەڵن، چەلاوخۆر و هەلپەرست و بێ پرەنسیپن، هەر ڕۆژی لەسەر پەتێك یاری دەکەن، ڕۆژێك ڕاستڕەون، ڕۆژێکیش چەپڕەو، ڕۆژێك شیوعین و مولحیدن، ڕۆژێکیش ئیخوان و قاعیده و داعشن.
له کوێ نانێکی چەور هەبێت، ئێوه لەوێن، بۆیه حاڵی مللەتەکەمان وایه، چونکه ئێوه دەستەبژێری کۆمەڵگان.
خۆشی لەوان باشتر نەبوو، ڕۆژی دوو کاتژمێر له فەرمانگەکەی دەوامی نەدەکرد، وەکو سواڵکەر سەری به دەرگای هەموو حیزبێکدا دەگرت و داوای پارەی لێ دەکردن.
جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەوانی دی ئەوەنده بوو، ئەوان ئینتیمای حیزبییان هەبوو، بۆیه به کۆیله ناوزەدی دەکردن، بەڵام ئەو بێلایەن بوو، خۆی به کەسێکی ئازاد و سەربەخۆ دادەنا.
ڕۆژێك وەکو قونبەله به ڕوویدا تەقییەوه و به دەنگی بەرز پێی گوت: دەمت بگره، چیتر موزایەده بەسەر ئەم و ئەو مەکه، وا نەبێ ئێمه هیچت لێ نازانین، وا بێدەنگ بووین، تۆ له هەمووان گەندەڵتریت، لەجیاتی ئەوەی ئەرکی خۆت وەك فەرمانبەر بەڕێکوپێکی بەجێ بگەیەنیت، ڕۆژانه وەزیفەکەت بەجێ دەهێڵێت و دێیته ناو خەڵك، قسەی قەڵەو دەکەیت، ناو و ناتۆره لەم و لەو دەنێیت و

هەمووان بە کاسەلێس و چەلاوخۆر تۆمەتبار دەکەیت، کەچی خۆت نابینیت، بە ناوی بێلایەنی دەست لەم و لەو پان دەکەیتەوە و ژێراوژێر پارەی کاش لە حیزبەکان و لەم و لەو وەردەگریت.

## پرسەیەکی مۆدێرن

لەگەڵ هاوڕێکانی چووە پرسەی خوالێخۆشبوو. ئەو هۆڵەی پرسەکەی لێ بەڕێوە دەچوو، لە ڕیستورانتێکی گەشتیاریی پێنج ئەستێرە دەچوو، چوار دەوری باخ و گوڵ و گوڵزار بوو. هۆڵی پرسەی ژنان و پیاوان تەنها ڕیزە موورتکێك لە یەکدی جودا کردبوونەوە. پیاوەکەی چووە هۆڵی پیاوان و ئەویش چووە هۆڵی ژنان.

چەند ژنێکی فلیپینی گەنجی ڕەشپۆش لە بەر دەرگا ڕاوەستابوون، پێشوازییان لە خەڵك دەکرد. هەندێکی تریش لە ناو هۆڵی پرسەکە خزمەتگوزارییان پێشکەش ئامادەبووان دەکرد. فانیلەیەکی ڕەشیان لەبەر بوو، بە گەورەیی بە ڕەنگی سپی لەسەری نووسرابوو (کۆمپانیای پرسەی هاوچەرخ)، لە ژێریشەوە بە خەتێکی بچووکتر بە ڕەنگی شین نووسرابوو، تۆ بەس بمرە و خەمی هیچت نەبێ.

دوو ژنی چاو جوانی خڕوپڕیش لە پشت مێزێك دانیشتبوون، لە ڕێگای بڵندگۆوە، ناوە ناوە بە نۆرە دەیانگوت: ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت، فاتیحەیەك بۆ ڕەحمەتی بخوێنن، ئەمڕۆ بۆ ئاسوودەیی ڕۆحی ئەو ئێمە لێرەین.

ژنە فلیپینییەکانیش بەناو خەڵکەکە دەسووڕانەوەو دەیانگوت: چای، قاوەی تاڵ، کاپەچینۆ، ئاوی لیمۆ، کامەی دەخۆن؟

پرسەیەکی جیاواز بوو، لە هۆڵی ئاهەنگ و ڕیستوڕانت دەچوو، یەکێك داوای قاوەی تاڵی دەکرد، ئەوەی تر چای یان کاپەچینۆ یان ئاوی لیمۆ.

کەشوهەوای ناو هۆڵەکە هێندە خۆش بوو، کەس حەزی نەدەکرد زوو بچێتە دەرەوە.

ناوە ناوەش یەکێك لە ژنە فلیپینییەکان بە نووکەنووك و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، خۆی دەخستە باوەشی کچی کۆچکردووەکە و دەیگوت: جەرگم ژان دەکات بۆ مامە.

ئامادەبووانیش بە دەم قاوە و چای خواردنەوە منگە منگێکیان لێوەدەهات و بە دەنگێکی نزم لەبەر خۆیان دەیانگوت: جاریێ زوو بوو بۆ کۆچی ناوەختی.

دوای هەندێك ژنە قورئان خوێنەکە لە بلێندگۆیەکەوە دەیگوت: کەس هەڵنەستیێ، هەمووتان بۆ خواردنی نیوەڕۆ دەعوەتن، ئێستا ژنە فلیپینییەکان دێنە لاتان، هەرکەسێك چ خواردنێکی پیێ خۆشە لای ئەوان بینووسێت.

ئەوەبوو ژنە فلیپینییەکان یەك یەك دەچوونە لای ئامادەبووان و لێیان دەپرسین کە حەز لە چ خواردنێك دەکەن تا بۆیان بێنن.

یەکێك دەیگوت دوو شیش کەباب و شیشێك گۆشت، یەکێکی تر دەیگوت موشەکەل مەتبەخ، ئەوەی تر دەیگوت قۆزی یان ماسیی برژاو.

دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو، هەستت نەدەکرد لە هۆڵی پرسەدایت، دەتگوت لە هۆڵی ئاهەنگ گێڕانی ژن گواستنەوەدایت، تەنها تەپڵ و زوڕنای کەم بوو، لەجیاتی گۆرانیش، مەلاژنەکان بە دەنگی خۆش ناوە ناوە چەند ئایەتێکی قورئانیان دەخوێندەوە.

لە کاتی چوونە دەرەوەش، لە قاپێکی پلاستیکی سەفەری، هەندێك شیرینەمەنییان پێدەدان.

لەولاتریش کیسەیەك گۆشتیان پێدەدان و دەیانگوت: بە خێری کۆچکردوو بیبەن، لە نزاکانتان بێ بەشی نەکەن.

## تێکەڵەیەك لە ئایدیۆلۆژیا

دوای ئەوەی سەرۆکی حیزبەکەی خۆی و هەندێك لە کادیرانی حیزبەکەی لە کۆنفرانسێکدا، هەڵوەشاندنەوەی خۆیان ڕاگەیاند و چوونە ناو حیزبێکی گەورەی خاوەن دەسەڵات. لەم تێکەڵبوونەوەیەدا هیچ پرسیان بەو نەکرد.

لەگەڵ هەندێك لە کادیرەبەجێماو و پەڕاگەندەکانی حیزبەکەی و هەندێك لە دۆست و برادەرەکانی کەوتە جووڵە بۆ دروستکردنی حیزبێك.

یەکێك لەو کەسانەی کە پەیوەندیی پێوە کرد، دۆستێکی دێرینی بوو، ئەویش وەکو ئەو لە حیزبەکەی پشتگوێ خرابوو، پێی گوت: من و هاوڕێکانم ڕێکخراوێکمان دروست کردووەو حەزدەکەین تۆش لە دامەزراندنیدا لەگەڵمان بیت و واژۆ لەسەر بەیاننامەی دامەزراندنی بکەیت.

ئەویش گوتی: بێزار بووم لە حیزبی ئایدیۆلۆژیا، بڕیارم داوە بە بێ لایەنی بمێنمەوە.

ئەویش بەیاننامەکەی دا دەستی و پێی گوت: ئەو ڕێکخراوەی کە دەمانەوێ ڕایبگەیەنین، ڕێکخراوێکی بێ ئایدیۆلۆژیا و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە.

بەیاننامەکەی لێ وەرگرت و خوێندییەوە و دایەوە دەستی و گوتی:

ئەمە دامەزراندنی حیزبێکە لەجیاتی یەك ئایدیۆلۆجیا، تێکەڵەیەکی لە ئایدیۆلۆژیا تیایە، نەك ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. تێکەڵەیەکە لە ئایدیۆلۆژی چەپ تا ڕاست، لە توندڕۆ تا میانڕۆ، لە حیزبی ئایینی تا عیلمانی،

هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی تیایە، دەڵێی چێشتی مجێورە، شوێنی هەموو ئایدیۆلۆژیاکانی تیا کراوەتەوە، هێشتان دەڵێی بێ ئایدیۆلۆژیایە؟!

## ترِحێو

کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناونیشانی ترِحێو بڵاو کردەوە، چەند سەرۆك حیزبێکی کارتۆنی بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەك بێت، لە دژی داوایان بۆ دادگا بەرز کردەوە و نووسیبوویان مەبەستەکەی ئێمەیە، ناو و ناوبانگی زڕاندووین، داوای قەرەبوویان لێی کرد.

دادوەر لە ڕۆژی دادبینیدا لێیپرسی ئەوان وا دەڵێن، تۆ چی دەڵێیت؟

ئەویش گوتی: ڕووداوەکان زادەی خەیاڵ و هزری خۆمن، گوناهم چییە کە ئەوان خۆیانی لە ناو دەبیننەوە.

## بێچارە

لە وڵاتێك دەژیا، زۆرێك لە ئەدیب و هونەرمەندان هیچ گەرا بوون، لە بێ ئومێدییان نازناوێکی ڕەشبینیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، گوزارشتی لە هیچ گەراییان دەکرد.

یەکێك ناوی لە خۆی نابوو خەمە، ئەوی تر غەمبار، یەکێکی تر غەمگین و ئەوی تر چارەڕەش، یەکێك کەساس و ئەوی تر بێخەو، یەکێك پێڕەش و ئەوی تر بێزار یان زامدار.

خەم و خەفەتی ئەو لە هەمووان زیاتر بوو، بێ چارە بوو، بە گۆتەی خۆی هەندە بەدبەخت و چارەڕەش بوو، دەستی بۆ زێڕ درێژ کردبا دەبوو بە خۆڵ، لە خەمۆکی و بێچارەیی خۆی بە مەملەکەتی خەم دادەنا.

زۆر گەڕا بەدوای نازناوێك گوزارشت لە خەم و خەفەتی ئەو بکات. دەیویست ناو لە خۆی بنێ خەمە، بەڵام ئەم نازناوە زووتر لە لایەن هیچگەرایەکی تر گڕ درابوو، بۆیە بە ناچاری ناوی لە خۆی نا بێچارە.

## نۆبڵ

هاتبووە لای چیرۆك نووسێك داوای لێ کرد فێری نووسینی ڕۆمانی بکات، گوتی:

باسی تۆیان بۆ کردووم، کە چەندین کۆمەڵە چیرۆك و ڕۆمانی چاپکراوت هەیە، دەمەوێ یارمەتیم بدەیت، تا منیش ببمە ڕۆماننووسێکی بەناوبانگ و پاداشتی نۆبڵی پێ وەربگرم.

ئەویش پێی گوت: تا ئێستا چەند ڕۆمانی عەرەبی و بیانیت خوێندۆتەوە؟

ئەویش گوتی: ئەگەر ڕۆمانم بخوێندبایەوە بۆچی دەهاتمە لای تۆ تا فێری ڕۆمان نووسینم بکەیت!

ڕۆماننووسەکەش پێی گوت: پەنجا ساڵە من چیرۆك دەنووسم و چەند ڕۆمانێکیشم هەیە، بەقەد ژمارەی ڕۆژەکانی تەمەنت کتێبم خوێندۆتەوە، کەچی

تاكو ئێستا نەك خەڵاتی نۆبڵ بەڵكو لە ناوخۆش خەڵات نەكراوم، تۆ دەتەوێ بە شەو و ڕۆژێك ببیتە ڕۆماننووس و خەڵاتی نۆبڵیش وەربگریت؟!

## ئەكتەری پڕۆفیشناڵ

سیاسەتمەدارەكان بوونەتە ئەكتەری پڕۆفیشناڵ و ڕۆژانە كلیپی نوێ دەردەهێنن، لەسەر شاشەی تیڤییەكان و لە پرسەی مزگەوتەكان و شوێنە گشتییەكان نواندن دەكەن.

ئەكتەرەكانیش لەبەر نەبوونی سەرچاوەیەكی دارایی، لەجیاتی نواندن و دەرهێنانی دراما و پێشكەشكردنی شانۆگەری، لە شەقامەكان بە بێ كاری دەسووڕێنەوە و لە چایخانە و پاركەكانیش دادەنیشن، باسی سیاسەت دەكەن.

## هەمبانە بۆرینە

لە سەردەمی سەپاندنی دوو گەمارۆی ئابووری لەلایەن ڕژێمی عێراق و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لە كاتی قات و قڕی و گرانیدا، سەد دیناری سویسری بە هەمبانە بۆرینەی هەژاری موكریانی دا، بەو ئومێدەی وەك سەرچاوەیەك بۆ دانانی فەرهەنگێك بۆ وشەی ڕەسەن و ئیدیۆمی كوردی سوودی لێ وەربگرێت.

هەمبانە بۆرینەکەی بە دەستەوە بوو، زۆر دڵخۆش بوو، بە دەم خەیاڵەوە، بە ناو عەرەبانچییەکانی بازاڕی شێخەڵڵا، یاغر یاغر بەرەو ماڵێ لە گەڕەکی سەیداوە هەڵدەکشا.

گوڵەبەڕۆژە فرۆشێك کە چاوی بە هەمبانە بۆرینەکە کەوت، ڕایگرت و پێی گوت:

ئەم کتێبە قەوارەی گەورەیە و ژمارەی لاپەڕەکانی زۆرن، بۆ گوڵەبەڕۆژە تێکردن باشە، دینارێکت دەدەمێ، یانیش دە پیاڵە گوڵەبەڕۆژەت دەدەمێ بیدە بە من، گوڵە بەڕۆژەی تێدەکەم.

# کچە مۆدێل

کچە مۆدێلەکە زێدە لەو هەموو کوڕە گەنج و قۆزەی کە لە دەوروبەری هەن، قەیرە پیاوێکی بوخچە نەکراوەی ڕەقەڵەی گیرفان بەتاڵی کردە هاوڕێ.

پیاوەکە سەری سوڕما، کە کچە مۆدێلێکی شۆخ و شەنگ، لە نێو ئەو هەموو پیاوانە تەنها ئەوی وەك هاوڕێ هەڵبژاردووە.

ئەویش گوتی: هەرچی سڵاوم لێی کردبێت و خۆم پێی ناساندبێت، بۆ دووەم ڕۆژ داوای سێکسی لێ کردووم، تەنها تۆ نەبێ، هەرگیز داوایەکی وەهات لێ نەکردووم.

ئەویش گوتی: لە پیاوەتی خۆم نییە کە داوات لێ ناکەم، نەخۆشی شەکرەم هەیە، لە جنس کەوتووم.

# مریدی شێخ

له گوندێکی دوور بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ هاتبووه شار. پیره پیاوێکی بەسالاچووی ڕیش درێژی دەموچاو چرچ و لۆچاوی، ڕەش داگەڕاوی بێ هێز، به دەستێکی گۆپالێکی به دەستەوە گرتبوو، به دەستەکەی تریش مەنجەڵه ماستێکی گەورەی هەڵگرتبوو. ڕێگایەکی دووری به پێ بڕیبوو، هێنده ماندوو بوو، ناکه ناکی بوو، ئارەقه به ڕوویدا دەهاته خوارێ.

گەیشته لای گەنجێك، لێی پرسی: کوڕم ماڵی شێخ پێ نازانیت؟

کوڕه گەنجەکەش گوتی: کامه شێخ؟

پیرەپیاوەکەش ناوەکەی پێگوت و داوای لێ کرد ماڵ و تەکییەی شێخی پیشان بدات.

کوڕه گەنجەکەش که سەیری سەرو سیمای پیرەمێردی کرد، بەزەیی پێدا هاتەوه، له دڵیخۆی گوتی: (ئەگەر ئەو وەکو من بزانێت شێخەکەی جادووگەرێکی ساختەچی و قۆڵبڕه، بڕواناکەم لەو گونده دوورەدەستەوه بەم پیری و بێ هێزییه مەنجەڵێك ماستی بۆ بێنێت).

ئەو لەو بیرکردنەوەیەدا بوو، پیره پیاوەکه جارێکی تر لێی دووباره کردەوه، گوتی:

کوڕم پرسیاری ماڵ و تەکییەی شێخم لێ کردی، پێت نەگوتم له کوێیه؟

کوڕه گەنجەکەش پێیگوت: پێش ئەوەی ماڵی شێخ و تەکییەکەت پیشان دەم، حەزدەکەم قسەیەکت بۆ بکەم، گوێم لێ بگره زەرەر ناکەیت بۆ تۆمه.

ئەویش گوتی: گوێم لێته.

کوڕە گەنجەکەش گوتی: ئەو پیاوەی کە پێی دەڵێی شێخ و ئەو مەنجەڵە ماستەت بۆ هێناوە، کەسێکی فێڵباز و داوێن پیس و قورمساغە، بەناوی ئایین قۆڵی ئەم و ئەو دەبڕێت و سیخوڕیش بۆ حکوومەت دەکات. لەجیاتی ئەوەی ئەو مەنجەڵە ماستە بدەیت بەو، بیدە منداڵەکانت زۆر خێرترە.

ئەوەی گوت و بە دەست ئیشارەتی بۆ ماڵی شێخ کرد و گوتی:

ئەو کۆشکە گەورەیەی دەیبینی، ماڵی شێخە و ئەو منارەیە بەرزەش ئی تەکیەکەیەتی.

کە وای گوت، پیرە پیاوەکە بە دەنگێکی بەرز لە بەردەم خۆیدا گوتی: (**أَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ**).

چەند هەنگاوێك دەڕۆیشت و ئاوڕی لە کوڕە گەنجەکە دەدایەوە و دەیگوت:

ئەو ئیبلیسە لە کوێ بۆ من پەیدابوو خودایە.

چەند هەنگاوێك دەڕۆیشت، دیسان لەبەر خۆیدا دەیگوت: (**أَعُوذُ بِاَللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ**).

# واو

ئەدیب و ڕۆشنبیرانی وڵاتێك کێشەیان لەگەڵ وشەی (حکوومەت) هەیە، ئایا بە واوێك دەنووسرێت یان بە دوو واو، حکوومەتیش کێشەی لەگەڵ ڕۆژەکانی مانگ هەیە، خۆی یەکلا نەکردۆتەوە، ئایا مانگ سی ڕۆژە، یان (چل و پێنج... شەست... حەفتا... هەشتا، نەوەت) ڕۆژە.

یانیش بەپێی ساردی و گەرمی کەشوهەوا درێژ و کورت دەبێت!

## ئەکتەر

خالۆزاکەم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: خاڵە دوای نوێژی عیشا ژن لە براکەم مارە دەکەین، پێمان خۆشە تۆش ئامادەبیت.

ئەوەبوو ڕۆیشتم، خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون، دادوەرێکی خانەنشینکراو و بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و مەلایەك و سەرپەرشتیاری مزگەوتەکانی ئەوقافیش لەوێ بوون.

نیو کاتژمێر تێپەڕی، هیچ باسوخواسی مارەکردن نەبوو. ڕووم لە باوکی زاوا کرد و پێمگوت:

کات درەنگە، بۆچی دانیشتوون، ناوی خودای لێ بێنن و کچ و کوڕەکە لە یەکتری مارە بکەن، ئیشی خێر چەند زوو تەواو بێت باشە.

باوکی زاوا تەماشای دادوەرەکەی کرد، وەك ئاماژەیەك کە ئەو لە یەکدییان مارە بکات.

دادوەر زوو لە مەبەستەکەی تێگەیشت، گوتی: باوکی ڕەحمەتیم کە لە ژیاندا بوو، ئامۆژگاری کردم، پێی گوتم: وەسیەت بێت هیچ کوڕ و کچێك لە یەکتری مارە نەکەیت، سەرت نایەشێت، پرێسکەی لێ مەبەستە.

کە گوێی لە قسەکانی دادوەر بوو، ڕووی لە مەلایەکە کرد و پێی گوت: مامۆستا تۆ لە یەکدییان مارە بکە.

مەلاش گوتی: پەنجەی خۆم گەستۆتەوە، ئەوەی کردوومە، دووبارەی ناکەمەوە.

ئەویش گوتی: لە بەرچی؟

گوتی: جارێك ژن و پیاوێکم لە یەکدی مارە کردن، پێیان گوتم کە پێشتر هاوسەرگیرییان نەکردووە، کەچی دوایی دەرکەوت، ژنەکە لە عیسمەتی پیاوێکی تردا بووە و منداڵێکیشی هەبوو.

کە وای گوت، دادوەریش گوتی: هەر لەبەر ئەو کێشانە، ئەوەندەی دادوەر بوومە، خۆم لە قەرەی دادگای باری کەسێتی نەداوە، هەمیشە وەسیەتەکەی باوکی ڕەحمەتیم بە بیر هاتۆتەوە.

باوکی زاواش گوتی: بۆچی کێشەی وەهای لێ کەوتۆتەوە؟

ئەویش گوتی: ئەگەر فایلەکانی دادگا هەڵدەنەوە، پڕە لە ڕووداوی وەها سەیر.

منیش گوتم: ئەدی چی بکەین، هەروا چاوەڕوان بین؟

باوکی زاواش گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت، من چاوم لێ بوو جەنابی دادوەر، یان مامۆستا، یەك لە هەردووکیان لە یەکدییان مارە بکەن.

ئەوەی گوت و ڕووی لە بەڕێوەبەری مزگەوتەکان کرد،گوتی: تۆش نیمچە مەلایەکی، چەند ساڵە لە ئەوقافیت و بەڕێوەبەری گشت مزگەوتەکانی، بۆچی لە یەکدییان مارە ناکەیت؟

ئەویش گوتی: چەند مانگێکم ماوە خانەنشین بم، ئەگەر مەلایەتیم بکردبا، تاقیکردنەوەی مەلایەتیم دەکرد و ئێستا وەکو مەلاکان لە تەمەنی حەفتا ساڵی خانەنشین دەبووم، نەك شەست و سێ ساڵی.

منیش گوتم: چما ئەو فێڵە شەرعییەش هەیە، بۆ خۆ دزینەوە لە خانەنشین بوون؟

ئەویش گوتی: هەندێك لەوانەی بەشداری تاقیكردنەوەی مەلایەتییان كردووە و ئێستا لە مزگەوتەكان پێشنوێژی دەكەن، پێشتر گۆرانی بێژ و ئەكتەر و تەنانەت پیاوی پشت مێزی یانەكان بوون.

كە وای گوت، باوكی زاوا بە بێ دەنگی چووە دەرەوە و تەلەفۆنی بۆ یەكێك كرد كە بووك و زاوا لە یەكدی مارە بكات.

كە گەڕایەوە ژوورەوە، گوتی: كەسێكم بیر كەوتەوە، ناسیاوی خۆمانە، تەلەفۆنم بۆی كرد، هەندێكی تر دەگاتە جێ و لە یەكدییان مارە دەكات.

ئەوەبوو دوای هەندێك، كەسێك بە ژوور كەوت، هەمووان لە بەری هەستان و بۆ بنەبان هەڵیانكشاند.

پێشتر ئەوم دەناسی، ئەكتەر بوو، لە درامای تەلەفزیۆنی و شانۆگەرییەكان بەشداری دەكرد، هاوڕێی منداڵیم بوو، پاش بەخێرهێنان پێمگوت: ئێستا لەگەڵ كاری هونەری و دراما و شانۆ چۆنی؟

كە وام پێی گوت، ڕەنگی تێكچوو، بە شەرمەوە گوتی:

ماوەیەكی زۆرە وازم لە كاری هونەری هێناوە، ئێستا مامۆستای ئایینیم.

باوكی زاوا نەیهێشت قسەكانی تەواو بكات، ڕووی لە ئامادەبووان كرد و گوتی: ئەوەش مامۆستای ئایینی، داوام لێی كردووە بووك و زاوا لە یەكدی مارە بكات.

## کەترەژن

سێ چوار مانگ جارێك ژنێكی دەهێنا، یەكێكیش پێی گوت: مام ئەحمەد پیاو چەندجار ژن دەینێت؟

ئەویش گوتی: مەبەستت چییە؟

گوتی: زوو زوو گوێملێدەبێ، دەڵێن مام ئەحمەد ژنی هێناوە.

ئەویش گوتی: من ژنێك ناهێنم بە كەلك بێت، كەترە ژنێك دەهێنم، دوو سێ مانگ خزمەتم بكات، دەمرێت و ژنێكی تر دەهێنم.

ئەویش پێی گوت: لەجیاتی ئەو هەموو كەترە ژنانە، بۆچی بەیەكجاری ژنێكی ڕێكوپێك ناهێنیت و بتحەسێنێتەوە؟

ئەویش گوتی: هیچ پارەی پێ نادەم، هەرجاری ژنێكی وەها كەترە دەهێنم و دوو سێ مانگ خزمەتم دەكات و دەمرێت.

## فنیشكراوێك

ماوەیەك بوو لە وەزیفەكەی دوورخرابۆوە. پێشتر پۆستێكی گەورەی لە حكوومەت هەبوو، دوای لادانی، تەنها مووچەكەی وەردەگرت، بێ ئەوەی لە هیچ شوێنێك دەوام بكات.

زۆر لووتبەرز بوو، ئەم بارودۆخە نوێیەی پێ هەزم نەدەكرا، خۆی گۆشەگیر كردبوو، تێكەڵی كەس نەدەبوو، بەیانیان لە ماڵ دەمایەوە، دوای نیوەڕۆش دەچووە پاركی شانەدەر و لەسەر كورسییەك بە تەنها تا ڕۆژئاوابوون بە دەم خەیاڵەوە دادەنیشت.

ڕۆژێك ڕێم كەوتە پاركی شانەدەر، ئەوم بینی، سڵاوم لێی كرد، ئاگای لێم نەبوو، خەیاڵی بۆ شوێنێكی دوور ڕۆیشتبوو، پێم گوت: ئاگات لێم نیە، خەیاڵت بۆ كوێ ڕۆیشتووە؟

هەناسەیەكی قووڵی هەڵمژی و گوتی: بیر لەو ژیانە دەكەمەوە، زۆر سەیرە. ئەو حیزبانە پیاو وا بەرز دەكەنەوە، پێی شەرمە قسە لەگەڵ ژن و منداڵی خۆی بكات، كاتێك لێشی دەخەن، ژن و منداڵەكانی پشتگوێی دەخەن و حسێبی پووشكەیەكی بۆ ناكەن.

## تەرمی شەهیدێك

نەخۆشخانەیەكی گەورەی بە ناوی خانەوادەی شەهیدان دروستكرد. سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی هەرێم و چەند دەزگایەكی خێرخوازیش یارمەتی دارایی و لۆجستییان بە خۆڕایی پێشكەش كرد، بەو ناوەی كە بە خۆڕایی خزمەتگوزاری پزیشكی پێشكەشی خانەوادەی شەهیدانی كوردستان دەكات.

پاش ئەوەی نەخۆشخانەكە تەواو بوو، لە هێرشێكی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر سەنگەرەكانی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەك بە سەختی بریندار بوو، تا گەیاندیانە ئەو نەخۆشخانەیە، لە هۆڵی نەشتەرگەری لە ژێر دەستی تیمی پزیشكی دوا هەناسەی دا و گیانی لە دەست دا. كەسوكاری شەهیدەكە ویستیان تەرمەكەی بۆ زێدی خۆی ببەنەوە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەكە داوای خەرجیی نەخۆشخانە و نەشتەرگەرییەكەی لێكردن. بڕی پارەكە زۆر بوو، داوای داشكانیان

کرد، داواکەیان لەلایەن ئیدارەی نەخۆشخانەکە ڕەتکرایەوە و تەرمەکەش وەك بارمتە لە بری پارەکە خرایە ژووری ساردکەرەوە و دەستی بە سەردا گیرا.

## زیرەکیی دەستکرد

لە خوێندنی باڵا ماستەر لە بەشی فەلسەفە وەرگیرا. سەرچاوەی زانستی لە کتێبخانەکان لە بواری فەلسەفە کەم بوو، بۆیە گەشتی بۆ وڵاتی میسر کرد، بۆ کڕینی هەندێك سەرچاوەی نوێ بۆ نووسینەوەی ماستەرنامەکەی.

هەموو ڕۆژێك تا درەنگی شەو خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکان و نووسین بوو. ماوەی یاسایی بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی زۆری نەمابوو، بۆ ئەوەی تووشی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن نەبێت، شەو و ڕۆژی لە یەکدی گرێ دابوو، کەچی هەر فریا نەدەکەوت.

ڕۆژێك برادەرێکی باوکی کە نووسەرێکی دیارە، پێشتریش سەرنووسەری چەند گۆڤارێك بووە و شارەزاییێکی زۆری لە نووسین هەیە، بەسەردان هاتە ماڵیان. بینی کوڕەکەیان لەناو کتێب و نووسین ون بووە، بە برادەرەکەی گوت: کوڕەکەت سەرقاڵی چییە، لەناو کتێب ون بووە؟

گوتی: لەوەتی لە خوێندنی باڵا بەشی فەلسەفە وەرگیراوە، ژیانی خۆی و ئێمەشی کردۆتە دۆزەخ.

ئەویش گوتی: لەبەر چی؟

گوتی: لەجیاتی ئەوەی وەکو قوتابیەکانی تر لە بابەتێکی ئاسان بنووسێت، فەلسەفەی هەڵبژاردووە و دەیەوێ لێمان ببێت بە سوقرات و ئەفلاتوون.

ئەویش ڕووی لە کوڕی برادەرەکەی کرد و پێیگوت: بۆچی وەکو من ناکەیت، بە بەرنامەی زیرەکیی دەستکرد توێژینەوەکەت ئامادە بکە، چیت لەو ماندووبوونە داوە.

کوڕەکەش گوتی: من هیچی لێ نازانم، مەبەستت لە بەرنامەی زیرەکیی دەستکرد چییە؟

گوتی: وەکو مرۆڤێکی دەستکردە، هەر پرسیارێکی لێ بکەیت، یان هەر شتێکی لێ داوا بکەیت، خۆی وەکو توێژەرێك بەدوای سەرچاوە زانستییەکانی ناو ئەنتەرنێت دەگەڕێت و توێژینەوەکەت بۆ ئامادە دەکات.

کە وای گوت، سەری سوڕما، پێی گوت: خۆت ئەوەت تاقی کردۆتەوە؟

گوتی: لەوەتی ئەو بەرنامەیە بەکاردەهێنم، هەر بە فشە مانگی کتێبێك لە بواری فەلسەفە چاپ دەکەم و کەسیش بەو نهێنییە نازانێت، بۆیە هەمووان بە (سوقراتی کورد) بانگم دەکەن.

## پەیکەری ناودارێك

هەموو تەمەنی لە پێناو زمان و ئەدەبی گەلەکەی بەسەر برد، دەیان کتێبی بڵاوکراوە و دەستنووسی ناوازەی هەبوو. کە پیر بوو، کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، لە خانوویێکی سەد مەتری لە گەڕەکێکی شەعبی کرێچی بوو، پارەی نەبوو هاوسەرەکەی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، تا مرد و ئەویشی بە بێکەسی بەجێهێشت.

کە هەڵبژاردنی پەرلەمان نزیك بۆوە، بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکوومەت لە ناوجەرگەی بازاڕ و لە پارکی گەل پەیکەرێکیان بۆ دروست کرد.

لە ڕۆژی لابردنی پەردە لە سەر پەیکەرەکەی، ویستی خۆی بگەیەنێتە سەرۆکی حکوومەت و داوای یارمەتی دارایی لێ بکات بۆ کڕینی خانووێکی بچووك تا لەکۆڵ کرێچییاتی ببێتەوە. بەڵام پاسەوانە تایبەتییەکانی سەرۆکی حکوومەت نەیانهێشت بگاتە لای، هەرچەند خۆشی پێ ناساندن و گوتی:

من ئەو نووسەرەم کە پەردە لەسەر پەیکەرەکەم لادەدەن.

## دیکتاتۆر

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هێزەکانیان هێنا کەنداو و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون بۆ هێرشکردنە سەر وڵات.

سەرۆکی وڵات داوای لە وەزیری بەرگری و سوپاسالار و گشت فەرماندەکانی سوپا کرد، لە کۆشکی کۆماری ئامادەبن.

پاش ئەوەی ئامادەبوون، هەمووان دۆش دامابوون، نەیاندەزانی ئامانجی سەرۆك کۆمار لە سازدانی ئەو کۆبوونەوە فراوانە چییە. وەزیری بەرگری و سوپاسالار پلانی سوپایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دوژمن ئامادە کردبوو. فەرماندەکانی سوپاش خۆیان بۆ گشت ئەگەرێك ئامادە کردبوو.

بە گەیشتنی سەرۆك کۆمار، کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. هەمووان دەستیان لەسەر دڵیان بوو، زۆر دەترسان سەرۆك کۆمار ڕای لە پلانەکانیان نەبێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی دوژمن.

سەرۆك کۆمار ڕووی تێکردن و بە پێکەنینەوە گوتی:

دەزانم ئێوە سەرتان سوڕماوە لەوەی بۆچی ئێوەم بۆ ئێرە بانگێشت کردووە !

وەزیری بەرگری گوتی: بەڵێ گەورەم، یەکەم جارە بێ ئەوەی بەرنامەی کۆبوونەوەمان بۆ بنێریت، داوای کۆبوونەوەمان لێ بکەیت.

سوپاسالاریش گوتی: یەکەم جارە گشت پلە باڵا و فەرماندەکانی سوپا بانگێشتی کۆبوونەوەیەکی فراوان بکرێن.

فەرماندەی گاردی کۆماریش گوتی: گەورەم هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی گەیشتوونەتە کەنداو و لە هەر چرکەیەك هێرش بکەن دەیکەن.

سەرۆك کۆماریش لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

دەزانم ئێوە لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و ماوەیەکی زۆریشە ئاگاداری ماڵ و منداڵتان نین.

ئەوەی گوت و ڕووی لە وەزیری بەرگری کرد و گوتی: نوکتەیەکی خۆشمان بۆ بڵێ.

وەزیری بەرگری واقی وڕما، تەماشایەکی سوپاسالاری کرد و هیچ دەنگی نەکرد.

سەرۆك کۆمار کە زانی وەزیری بەرگری سەری سوڕماوە، لێی دووبارە کردەوە و پێیگوت:

دەمەوێ هەمووتان بەشداربن لە گێڕانەوەی نوکتە.

ئەمەی گوت و بە وەزیری بەرگری گوت: گوێمان لێتە، نوکتەیەکی خۆشمان بۆ بڵێ.

وەزیری بەرگری لە ترسان هەموو گیانی وەکو کێچ دەلەرزی، زۆری لە خۆی کرد و بە ترس و لەرزەوە نوکتەیەکی گوت.

سوپاسالار و فەرماندەکان لەترسی سەرۆك کۆمار نقەیان لێ نەهات.

سەرۆك کۆمار بە دەم قاقای پێکەنینەوە پێیگوتن: نوکتەیەکی خۆش بوو، ئێستاش نۆرەی سوپاسالارە نوکتەیەکمان بۆ بڵێت.

سوپاسالاریش هەرچۆنێك بێت زۆری لە خۆی کرد و نوکتەیەکی گوت.

بەم شێوەیە، هەمووان یەك لە دوای یەك نوکتەیان گوت و تا کاتی نیوەڕۆ هەر بە نوکتە و گاڵتەو گەپ و پێکەنین، کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو. دوای ئەوە، سەرۆك کۆمار ڕووی تێکردن و گوتی:

دەزانم ماوەیەکی زۆرە ئاگاتان لە ژن و منداڵەکانتان نییە، سێ ڕۆژ مۆڵەتتان پێدەدەم، بڕۆنەوە و لەگەڵ خانەوادەکانتان جەوێك بگۆڕن.

وەزیری بەرگریش گوتی: گەورەم پێت نەگوتین بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئەمریکا چبکەین؟

ئەویش گوتی: ئەوە بۆ من لێگەڕێن، بیر لە هیچ شتێك مەکەنەوە.

## گاڵتەجاڕ

ماوەیەکی زۆر وەك گاڵتەجاڕ لەسەر شانۆ و تیڤییەکان دەردەکەوت. لەم ساڵانەی دواییدا چووە ئەوروپا، لەوێ مایەوە، ماوەیەك ئیشی ڕەشی دەکرد، بەڵام دوای وەرگرتنی ئیقامە و ڕەگەزنامەی ئەوروپی، لە وێستگەی شەمەندەفەر کاری پاککەرەوەی دەکرد.

لەم نزیکانە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا، شیکاری بۆ هەندێك پرسی سیاسی دەکرد و دەیگوت: وازم لە نواندن و کۆمیدیای ڕەش هێناوە، بە نیازم لەمەودوا کاری سیاسی بکەم و بۆ خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان خۆم کاندید بکەم.

پێشکەشکارەکەش پێی گوت: چ بڕوانامەیەکت هەیە؟

گوتی: تا پۆلی دووی سەرەتاییم خوێندووە، بۆچی کوردایەتی هێشتی خوێندن تەواو بکەم؟

## خۆشەویستییێکی ناوازە

ماوەیەکی زۆر بوو کەوتبووە داوی خۆشەویستی کچێکەوە، کچەکەش ئەوی خۆشدەویست.

هاوڕێکانی زۆرجار پێیان دەگوت: تاکو کەی چاوەڕوان دەبیت، مادام کچەکەش تۆی خۆشدەوێت و خانووی خۆت هەیە، بۆچی ناچیتە خوازبێنی و نایکەیتە هاوسەری خۆت؟

ئەویش دەیگوت: مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ ئەخلاقە، هەمیشە زەینی لە ناو لینگی ژنانە. ئاخر چۆن دەبێت پیاو سێکس لەگەڵ خۆشەویستی خۆی بکات.

## وەحشی

پاش تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ هەزاران پێشمەرگە چەکی دانا و خۆی ڕادەستی هێزەکانی سوپای عێراق کردەوە. هەرچەند حکوومەت بڕیاری لێبووردنی گشتی دابوو، بەڵام ئەوانی دوورخستەوە بۆ باشووری عێراق و بەسەر شار و شارۆچکە و گوندەکانی دابەش کردن.

ئەو پێشمەرگانەی لە ڕاگەیاندن کاریان کردبوو، هەروەها ئەوانەش کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، پەرت و بڵاوی کردنەوە و بەسەر گوندەکانی شاری ناسریە و هۆڕەکان دابەشی کردن.

ئێوارەیەکی درەنگی وەرزی بەهار بوو، خۆی لە گوندێکی بچووکی ناوچەی هۆڕەکان دیتەوە. ئەو بە تەنیا بۆ ئەو گوندە دوورخرابۆوە. موختاری گوند پێشوازی لێ کرد و بردییەماڵی خۆی. دەموچاوی چرچ و لۆچاوی بوو، سەرێکی گەورە و بەژن و باڵایەکی لە ڕادەبەدەر بەرزی هەبوو، لە مرۆڤێکی ئاسایی نەدەکرد، شێوەی لە مرۆڤی نیاندرتاڵ دەکرد.

ئەو ئێوارەیە، پۆل پۆل ژن و منداڵ و گەورە دەهاتنە ماڵی موختار و لە تیێکی دەرگا تەماشایان دەکرد و لە قاقای پێکەنینیان دەدا و بێ ئەوەی قسەیەك بکەن، دەڕۆیشتن.

بەم دیمەنە سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی ئەوان بۆچی بە سەر سوڕمانەوە سەیری دەکەن و تێی دەڕوانن، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (خۆ قۆچم لێ نەهاتووە، وا بە سەرسوڕمانەوە سەیرم دەکەن).

زۆری مەراق بوو بزانێت بۆچی ئەوانە لە کەلێنی دەرگا بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکەن، بەڵام لەلایەك شەرمی دەکرد ئەو پرسیارە لە موختار بکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو خۆی بە کەسێکی شکستخواردوو و دۆڕاو دەزانی، بۆیە دانی بەخۆیدا گرت و هیچی نەگوت.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، ئاشنایەتی لەگەڵ موختار و خەڵکی گوندەکە پەیدا کرد و ئەوانیش زیاتر لە جاران ڕێزیان لێی دەگرت و خۆشیان دەویست. ڕۆژێك بە موختاری گوت: دەکرێ پرسیارێکت لێ بکەم؟

ئەویش گوتی: فەرموو گوێم لێتە.

گوتی: بۆچی یەکەم ڕۆژ کە منیان هێنا بۆ گوندەکەتان، خەڵکی گوند بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردم و پێم پێدەکەنین؟

گوتی: پێش ئەوەی ئێوە بۆ ئێرە بێنن، ڕێکخراوی حیزبی بەعس و کارمەندانی ئەمن و ئیستخبارات، ئێمەیان کۆکردەوە و پێیان گوتین: (لەم ڕۆژانە هەندێك کەس دەهێنینە لاتان، ئەوان مرۆڤ نین، دڕندەن، ژیانیان لە شاخ بووە و هیچ لە مەدەنییەت نازانن، چاوتان لەسەریان بێت، لە دەستتان ڕانەکەن، ئەوان وەحشینە، مرۆڤ بە زیندوویی دەخۆن).

## فۆبیا

هەر جارێك توانجیان لێی بدابایە و گاڵتەیان پێی کردبا، تەنها ڕووی لە خاوەن ماڵ دەکرد، بێ ئەوەی قسەی کردبێت، وەکو فیشەکی شێت بە ڕوویدا دەتەقیەوە و بە دەنگێکی بەرز پێی دەگوت:

ئەگەر دەمت دانەخەیت، خۆم دەزانم چیت پێ دەکەم.

ئەویش دەیگوت: ئەوانەی دانیشتوون توانجت لێ دەدەن و پێت ڕادەبوێرن، کەچی تۆ بەرۆکی من دەگریت و قسە بەمن دەڵێیت. بەڵام ناهەقت ناگرم، من فۆبیای تۆم.

## سپڵە

لای وەزیر دانیشتبوو، زەنگی تەلەفۆنەکەی لێی دا، کە هەڵی گرت، پێی گوت: لە کوێی؟

گوتی: لای جەنابی وەزیرم.

کۆمەڵێك جوێنی بازاڕی بە وەزیر دا و بە توانجیشەوە پێی گوت: ناکات دڵیشت خۆشبێت کە لای وەزیر دانیشتوویت؟!

دەنگی مۆبایلەکە گەورەبوو، وەزیر گوێی لە قسەکانی بوو، بە دەنگەکەی ئەوی ناسییەوە، بەرلەوەی ئەو وەڵامی بداتەوە، گوتی: هەندێك کەس سپڵەن، وەکو سواڵکەر دەست لەم و لەو پان دەکەنەوە، کە خزمەتیشیان دەکەیت، بە ڕووتدا دەڕشێنەوە.

ئەویش مۆبایلەکەی داخست و داوای لێبووردنی لە وەزیر کرد، کە بە هۆی ئەوەوە تووشی ئەم مەوقیفە موحریجە بووە.

وەزیریش بابەتەکەی گۆڕی، هەندێك باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری کرد. لەو دەمەدا سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوە و گوتی: جەنابی وەزیر ئەوا پیاوێکی ڕەقەڵە هاتووە دەیەوێ بتبینێ؟

ئەویش تەماشایەکی شاشەی تەلەفزیۆنەکەی کرد و لە کامێرای چاودێرییەوە تەماشای کرد و گوتی: پێی بڵێ کاتم بۆ بینینی نییە.

سکرتێرەکەش چووە دەرەوە.

نووسەرەکەش بە وەزیری گوت: ئەگەر لەبەر منتە، دەڕۆم، زیاتر کاتت ناگرم.

وەزیر گوتی: دەزانی کێ بوو؟

گوتی: نەخێر.

وەزیری گوتی: ئەو ئەکتەرە سپڵەیە بوو، کە چەند خولەکێك پێش ئێستا لە مۆبایلەکەی تۆ جوێنی پێدام، کەچی هاتووە و دەیەوێ بمبینێ.

ئەویش گوتی: ناکات ئیشێکی زەرووریی پێت بێت.
وەزیریش گوتی: دەزانم پارەی لێ بڕاوە و بۆ داوای یارمەتی هاتووە.

# شاعیرێك

شاعیرێکی میللی ڕۆح سووك، شیعرەکانی بە خەتی فارسی بە قامیش و حوبری چینی بە دەستخەتی خۆی دەنووسییەوە. ئەرشیفی دەستنووسە شیعرییەکانی خۆی لەناو باولێکی تەنەکە هەڵدەگرت.

تا قۆناغی سەرەتایی خوێندبووی، یەکێتی نووسەران لەبەر ڕۆحسووکی و خۆشەویستی بە دکتۆر ناوزەدیان کردبوو.

کوڕەکەی بەهرەی شیعریی هەبوو، ناوە ناوە شیعرێکی دەهۆنییەوە و دەیدایە باوکی و پێی دەگوت:

باوکە ئەم شیعرەم داناوە، تەماشای بکە، بزانە چۆنە؟

ئەویش لێی وەردەگرت و بە خێرایی چاوێکی پێدادەخشاند و بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، فڕێی دەدا و بە گاڵتەپێکردنەوە دەیگوت: ئەمە کەی شیعرە، قسەی قۆڕە، وەکو باوکت بنووسە.

هەر چەندجاری شیعری پێ بدابا، شیعرەکەی لێ فڕە دەدا و هەمان قەوانی بۆ لێ دەدایەوە.

ڕۆژێك لەبیری چووبوو باولی شیعرەکانی قوفڵ بدات، کوڕەکەشی شیعرێکی لە باولەکە دەرهێنا و بە دەستخەتی خۆی نووسییەوە و پێی دا و گوتی:

باوکە ئەم شیعرەم داناوە، بۆم تەماشاکە بزانە چۆنە؟

ئەویش وەکو جارانی پێشوو، چاوێکی پێداخشاند و بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، فڕەی دا و گوتی:

ئەمە کەی شیعرە، وەکو باوکت بنووسە.

ئەویش بە پێکەنینەوە پێی گوت: زانیم شیعرەکانم ناخوێنیتەوە بۆیە دەڵێی قسەی قۆڕە. ئەمجارە شیعرێکی تۆم لە باولەکەت دەرهێنا و بە دەستخەتی خۆم نووسیمەوە، کەچی تۆ بێ ئەوەی بیخوێنیتەوە، هەمان قەوانی پێشووت لێ دایەوە.

## مەملەکەتی سەگەکان

بڵاوبوونەوەی سەگ بە مێگەل لە کووچەو کۆڵانەکان، خەڵکی هەراسان کردبوو. زۆرێك لەو سەگانە نەخۆشی هارییان هەیە، ببوونە مەترسی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان، هەندێکیش هەرچەند نەخۆشیش نەبوون، لە برسان پەلاماری هەموو کەسێکیان دەدا، بەتایبەت منداڵی بچووك.

لە ترسی حکوومەت و ڕێکخراوەکانی ئاژەڵپارێزی، خەڵکەکە نەیاندەوێرا ئەو سەگانە ژەهرخوارد بکەن و بیانکوژن.

شارەوانی بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی سەگە بێلانەکان لەسەر ژیانی خەڵك و پاراستنی ژیانی ئەو سەگانە، هەڵمەتێکی دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوە و خەساندنیان و حەواندنیان لەناو شەڵتەرێکی گەورە لە دەرەوەی شار.

بەمەش هەزاران سەگی بێلانە گوێزرانەوە بۆ ئەو شەڵتەرە، هەڵمەتەکەش بەردەوام بوو، ڕۆژانە سەدان سەگی نوێیان بۆ دەبردن، تا وای لێهات شەڵتەرەکە بووە مەملەکەتی سەگە بێلانەکان.

لەبەر ژمارەی زۆریان، سەگەکان لە کۆنترۆڵی تیمەکانی پزیشکی ڤێتەرنەری دەرچووبوون و پرۆسەی خەساندنیان بە سستی بەڕێوە دەچوو، هەروەها

خواردن و خواردنەوەشیان وەکو پێویست بۆ دابین نەدەکرا، ئەمەش وایکرد سەگ بە ساحێبی خۆی نەبێت و لە هارییان چاویان سووربێت و بکەونە گیانی یەکتری. تەنانەت هەندێك لەو سەگانە کە نەخەسێندرابوون، زاوزێیان دەکرد و لە برسانیش بێچووەکانی خۆیان دەخوارد.

## چاوچنۆك

لە ساڵیادی دەرچوونی گۆڤارەکەیان، خاوەنی گۆڤارەکە بۆ نانی ئێوارە دەعوەتی بۆفیەی کراوەی کردین.

سەرنووسەر کە چاوی پێم کەوت، لای خۆی دانیشاندم و باسی دواهەمین ژمارەی گۆڤارەکەی بۆ کردم. میوانەکانیش پەیتا پەیتا دەهاتن و دەچوونە سەرەی خواردن.

پاش ئەوەی سەرەی خواردنەکە چۆڵ بوو، ئێمەش چووین خواردنمان وەرگرت و گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

لەو کاتەدا، کەسێکی پووتەی ڕەقەڵە، هاتە لای سەرنووسەر و بێ ئەوەی سڵاو بکات، پێی گوت:

جاران هەموو مانگێك پارەت دەدامێ، کەچی ماوەیەکە ئاگات لێم نەماوەو هیچت پێ نەداوم.

ئەویش دەستی خستە گیرفانی و دە هەزار دیناری دەرهێناو پێیدا.

کە ڕۆیشت، پێم گوت: ئەو کەسە کێیە، بۆچی نایناسم؟

گوتی: بەناو ئەکتەرە، بەڵام پێنج ساڵ جارێك لە درامایەك دەردەکەوێت و تەنها ڕۆڵی کۆمبارس دەبینێ.

منیش گوتم: کەوایە بۆچی بانگێشتی بۆنەیەکی وەهاتان کردووە؟
گوتی: ئێمە دەعوەتمان نەکردووە، ئەو فێرە لە هەر شوێنێك خواردنی لێبێت، خۆی بە کەسانیتر هەڵدەپەسێرێ و وەکو کووچ کووچە بەدوایان دەکەوێت.
لە کاتی چوونە دەرەوە، ئەوم بینی، لەگەڵ کارمەندی ڕیستوڕانتەکە دەمەقاڵێی بوو، کارمەندەکە پێیدەگوت: ئێرە بۆفیەکەی کراوەیە، بۆت نییە هیچ شتێك لەگەڵ خۆت ببەیتە دەرەوە.
ئەمەی پێ گوت و کیسەیەکی لەدەست وەرگرت، پڕی خواردن و خواردنەوە و کلێنکس و شەکری قەند بوو.

# گەندەڵی

وەزیری ئەوقاف لە دوای نارد و پێی گوت: لەگەڵم وەرە، لەناو شار موڵکەکانی ئەوقاف بەسەر دەکەینەوە.
ئەویش دۆسیەی موڵکەکانی هێناو لەگەڵ وەزیر ڕۆیشتن.
موڵکەکانی ئەوقاف زۆرن و، زیاتریان مزگەوت و هۆڵی بۆنەی ئایینین لە گەڕەکە شەعبییەکان. هەندێك مزگەوت نەبێت، کە لەناو جەرگەی بازاڕن، لەگەڵ مەزاری پیاوێکی ئایینی، کە کەوتبووە سەر شەقامێکی بازرگانی و لەناوجەرگەی شارە.
کاتێك وەزیر چاوی بە مەزارەکە کەوت، گوتی:
ئەم مەزارە زەوییێکی زۆری داگیرکردووە و تەنیا تەرمی مردووێکی تیایە، مردووێك ئەم هەموو زەوییەی بۆچییە؟! بەشێکی زەوییەکەی بۆ من دابڕێنن، دوو دووکانی لێ دروست دەکەم بۆ داهاتووی منداڵەکانم.

## چوکلێتی ماوەبەسەرچوو

براکەی بەرپرسێکی گەورەی حکوومی بوو، ئەویش لە فەرمانگەیەکی لاوەکی کارمەندێکی بچووك بوو. لە هەموو بۆنەیەکی براکەیدا، دیاریی گرانبەهایان بۆ دەبرد، کە ئەویش بۆنەیەکی دەبوو، یان بە دەستی بەتاڵ دەهاتنە لای، یانیش قوتوویەك چوکلێتی ماوەبەسەرچووی ڕەقیان بۆی دەهێنا.

## پشکنینی D N A

کە گەیشتنە وڵاتی ئەڵمانیا، خۆیان ڕادەستی پۆلیسی ئەڵمانی کرد و داوای مافی پەنابەرییان کرد. پێش ئەوەی بیانبەن بۆ کەمپی پەنابەران، پشکنینی **D N A** ی خێزانییان بۆ کردن، تا دڵنیابن کە منداڵەکان، بەڕاستی منداڵی ئەوانن.

لە ئەنجامی پشکنینەکە دەرکەوت هیچ کام لە منداڵەکان، منداڵی ئەوان نین.

کە ئەمەی زانی، ڕووی لە منداڵەکان کرد لە سەری خۆیدا، هاواری کرد گوتی:

چەند ساڵ بە قوڕبەسەری باوکایەتیم بۆ دەکردن، کەچی هیچیان منداڵی من دەرنەچون.

## تاکەوتاك

پێڵاوەکانی هەر تاکەو ڕەنگێکە، تاکێکیان شین و ڕەشە، تاکەکەی تریش سوور و شین.

هاوڕێیەکەی پێی گوت: پێڵاوەکانت تاکەوتاکن، هەر تاکەی لە ڕەنگێکە، وا پێدەچێت لەگەڵ پێڵاوی کەسێکی تر لێت گۆڕابێت؟

ئەویش گوتی: بە ئەنقەست وام کردووە، کە دەچمە پرسە یان بۆنەیەك، پێڵاوەکانم هەر تاکی لە ڕەنگێك لە پێ دەکەم، تاکو لێم نەبەن.

# سێ کورتیلە چیرۆك

**یەکەم:** ناتوێمەوە........

**دووەم:** نووسەرێکی بەناوبانگ، تا مرد، بێدەنگی هەڵبژارد و چەنەبازان ناویان لێنا (بێدەنگۆك).

**سێیەم:** بە تەنیا لە پرسەی خۆی دانیشتبوو. خۆی خۆی دەلاواندەوە.

## ملیاردێر

ملیاردێر بوو، له دیمانه‌یه‌کی ته‌له‌فزیۆنیدا، پێشکه‌شکار لێیپرسی:

که تۆ خاوه‌نی ئه‌و هه‌موو کۆمپانیای بازرگانی و زانکۆ و بانکی ئه‌هلی و پڕۆژه بازرگانییه‌یت، قازانجی مانگانه‌ت چه‌نده؟

ئه‌ویش گوتی: له ملیارێك دینار به‌سه‌ره‌وه‌یه.

پێشکه‌شکاره‌که‌ش گوتی: که‌واته تۆ ژیانت جیاوازه و پاره‌یه‌کی زۆرت له به‌رده‌ستدایه؟

گوتی: ئه‌و پاره‌یه ده‌چێته‌وه ناو سه‌رمایه‌که‌م له کۆمپانیا و پڕۆژه‌کانم، بڕێکی که‌م له‌و قازانجه دێته ناو گیرفانم، له‌وانه‌یه بڕێك له پاره‌ی تۆ زیاتر بێت، یان که‌متر بێت.

## فیڵی شه‌رعی

به‌پێی ته‌ورات و ئایینی جووله‌که، نه‌ده‌بوو ڕۆژی شه‌مووان له ماڵ ئاگر بکه‌نه‌وه، بۆیه (ته‌مارا)ی جوو ڕۆژی پێشتر چێشتی ئاماده ده‌کرد و ڕۆژی شه‌ممه ده‌یبرده ماڵی دراوسێ موسڵمانه‌که‌ی و له‌سه‌ر پشکۆی ئه‌وان گه‌رمی ده‌کرده‌وه.

## چەقۆی مالم

حەفتەی جارێك، مریشك و کەڵەشێری دەبردە لای مالم لە کەنیشت تا بۆی سەرببڕێت. چەقۆی مالم وەکو مووس، کە ملی پەلەوەری پێ دەپاچی، لە تیژییان پەلەوەرەکە هەستی پێ نەدەکرد و بە سەربڕاوی ماوەیەك دەڕۆیشت. ئەگەر ئازاری پێگەیشتبا، نەدەبوو گۆشتەکەی بخۆن، دەیاندا موسڵمانێکی دراوسێیان.

## پەیکەر

هونەرمەندێکی بەناوبانگە، دوای مردنی لە پارکی نیشتمان، پەیکەرێکی گەورەی برۆنزییان بۆ دروستکرد.

لەکاتی پەردە لەسەر لادانی، والیی شار و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، یەکێك لە ئامادەبووان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گوتی: ڕەحمەتی کرێچیم بوو، بەهۆی خراپی باری گوزەرانی، کرێی شەش مانگ قەرزارە.

یەکێکی تریش گوتی: نیو ملیۆن دیناری لە من وەرگرت، بە هۆی دواکەوتنی مووچە، نەیتوانی بمداتەوە.

کوڕێکی گەنج لەناو ئاپۆڕەی ئەو خەڵکەدا، کە گوێی لەم قسانە بوو، بە دەنگی بەرز گوتی:

لەجیاتی ئەو پەیکەرە گەورەیە، دەکرا پەیکەرێکی بچووکتری بۆ دروست بکەن و پارەی تێچووەکەی بدەنە خانەوادەکەی، تا قەرزەکانی پێبدەنەوە.

# دنیای سەرمایەداری

بەهۆی شەڕی ناوخۆ سەری خۆی هەڵگرت و بە قاچاغ خۆی گەیاندە ئەمەریکا و لەوێ مافی پەنابەریی وەرگرت.

ئێوارە کاتێك دەگەڕایەوە شوێنی نیشتەجێبوونی، پیاوێکی بەتەمەنی بینی، کەوتە سەر زەوی و لە هۆش خۆی چوو. لەو زیاتر کەس لەوێ نەبوو، باوەشی پیاکرد و خستیە ناو تەکسییێك، بردییە لای پزیشك و لە گیرفانی خۆی دەرمانی بۆ کڕی.

دوای بەهۆش هاتنەوەی، ناونیشانی کوڕەکەی لێ وەرگرت، پەیوەندی پێوەکرد، داوای لێکرد بێتە نەخۆشخانە، خەرجی نەخۆشخانە و دەرمانەکانی بداتەوە و باوکیشی لەگەڵ خۆی بباتەوە.

کوڕەکەش گوتی: کێ پێی گوتی لە گیرفانی خۆت پارەی لێ خەرج کەیت؟

ئەویش گوتی: ئەو کەسێکی غەریب نییە، باوکتە، ئەگەر من فریای نەکەوتبام لەوانەیە بمردبا.

ئەویش گوتی: چی دەبوو ئەگەر مردبا، قیڕ جەهەندەم! ئەو بەزیادەوە بەشی خۆی لە ژیان وەرگرتووە.

## دەرمان

خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی دەرمانە. زۆرجار لەمیدیاکان هێرشی دەکرایە سەر، دەرمانەکانی بە ئێکسپایەر و بێ کوالیتی ناودەبران، بەڵام ئەو دانی پێدانەدەنا و ئەو تۆمەتانەی ڕەت دەکردەوە.
کە نەخۆش کەوت، منداڵەکانی بۆ چارەسەرکردن ویستییان بیبەنە لای پزیشك. کەچی ڕازی نەبوو.
گوتی: لێرە ناچمە لای هیچ پزیشکێك، دەرمانی ئێرەش بەکارناهێنم.
کوڕە گەورەکەشی پێی گوت: ئەگەر سەردانی پزیشك نەکەیت و چارەسەر وەرنەگریت، چاك نابیتەوە و ژیانیشت دەکەوێتە مەترسی.
ئەویش گوتی: بۆ هەر کوێ دەمبەن بمبەن، تەنها پزیشك و دەرمانی ئێرە نەبێ.

## ئۆپۆزسیۆن

حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کۆبوونەوەدا بوون، دەیانویست بەیاننامەیەك لە دژی هەردوو حیزبی حوکمڕان دەربکەن.
ئەندامی یەکێك لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ژووری کۆبوونەوە هاتە دەرەوە و تەلەفۆنی بۆ سەرۆکی یەکێك لە حیزبەکانی حوکمڕان کرد و ڕەشنووسی بەیاننامەکەی بۆ خوێندەوە و گوتی:

ئەگەر هەر ڕستەیەك یان دەستەواژەیەكت بە دڵ نەبوو، پێم بڵێ تا چاكی بكەم.

كە تەلەفۆنەكەی دانا پێمگوت: ئێوە چۆن موعارەزەیەكن، لەلایەك دەتانەوێ بەیاننامەی ناڕەزایی لە دژی هەردوو حیزبی حوكمڕان دەربكەن، لەلایەكی تریش پرسییان پێدەكەن...!!!

گوتی: ئێمە ناچارین بۆ بەرژەوەندیی خۆمان وا بكەین، چونكە پارە و دەسەڵات لای ئەوانە، ئەگەر پارەمان نەدەنێ، پارەی ئەم قاوەیەمان نابێت كە پێشكەشی تۆمان كردووە.

## سەماكەر

وێنەی سەرۆك كۆماری لە تەك وێنەی سەماكەرێك، لە دیوەخانەكەی هەڵواسی.

ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاكێشا، پێیگوت:

چ شتێك سیاسەتمەدارێكی وەك سەرۆك كۆمار و سەماكەرێك بەیەكەوە كۆدەكاتەوە، بۆ ئەم دوو وێنەیەت لە تەنیشت یەك داناوە؟

گوتی: جیاوازییێكی ئەوتۆیان نییە، هەریەكەیان هەوڵدەدەن بە شێوازی جیاواز، كاریگەری لەسەر مرۆڤەكان دروست بكەن، جا چ لەڕێگەی وتاری سیاسی بێ یان نمایشی هونەرییەوە.

## مافی منداڵ

مامۆستای زانکۆ بوو، وانەی (مافی مرۆڤی) دەگوتەوە، بەرلەوەی بچێتە دەوام، چاوی بە وانەکان خشاندەوە و بە هاوژینەکەی گوت: وانەی ئەمڕۆم تایبەتە بە مافی منداڵ.

ژنەکە گوتی: نەمبینی وەك جاران، بابەتەکە ئامادەبکەیت.

ئەویش گوتی: تەلەفزیۆن مەراقمە، لەبیری بردم.

هەمانکات منداڵەکەیان یاری بە کلکی پشیلە دەکرد، پشیلەکەش لەبەر ئازاری کلکی، دەیمیاواند.

باوکی پێیگوت: واز لەو پشیلەیە بێنە و بێدەنگ بە.

بەڵام بێ سوود بوو.

کە زانی بێدەنگ نابێ، لە ڕقان جوێنی پێدا و زللەیەکیشی لێدا.

منداڵەکەش گریا و گوتی: باسی مافی منداڵیش دەکەیت؟ تۆ ڕاست ناکەیت.

## داڕشتن

دایکی وانەی عەرەبی پێدەوت، داڕشتنێکی لەبارەی باوك بۆ نووسی گوتی: ئەم داڕشتنەت بۆ دەخوێنمەوە، قەڵەم و کاغەز دەربێنە، بینووسەوە.

کوڕەکەشی گوتی: گوێم لێتە قسەبکە.

ئەویش گوتی:

باوك ئەو کەسەیە کە ڕۆڵێکی جەوهەری لە ژیانی خێزاندا هەیە. بە ڕێنمایی و پشتیوانی تایبەتمەندە، بەو پێیەی وەك پایەیەکی بەهێز وەستاوە، ئەندامانی

خێزان دەپارێزێت و ڕێنماییان دەکات. بە سەبر و خۆبەخشی لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی سۆزداری و ماددی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی دەناسرێ. ئەو کەسەیە کە منداڵەکانی فێری بەها و ئەخلاق دەکات و بەشداری دەکات لە داڕشتنی کەسایەتییان . هەروەها دەتوانێت سەرچاوەی ئیلهام و نمونەیەك بێت، پردێکی پەیوەندی و سۆز لە نێوان ئەندامانی خێزان دروست بکات.

کوڕەکەی بە توڕەیی قەڵەمەکەی دانا و منگەیەکی لێوەهات و گوتی: وەی لەو درۆیە، کەی باوکم ئەو سیفەتانەی تێدایە؟!

دایکیشی پێیگوت: هەقت لە باوکت نەبێ، چیم پێگوتی ئەوە بۆ مامۆستاکەت بنووسە، تا نمرەی باشت بداتێ.

باوکیشی کە گوێی لە قسەکانی کوڕەکەی بوو، ڕووی لە کوڕەکەی کرد و بە توڕەییەوە پێیگوت: چ عەیبم هەیە، منگەت لێوە دێ!

# بیست و سێ

# کورتیله چیڕۆك به هاوکاری زیره‌کیی ده‌ستکرد

# (١)

## تەحەددیاتی نابینایەك

لە گوندێکی بچووك لە دامێنی گردەکان، شیرین کچێکی پڕ لە ژیان و ئیرادە، سەرەڕای تەحەددیاتی نابینایی چاوەکانی هەر دەژیا. دڵێکی پاك و زەردەخەنەیەکی بێ وێنەی هەبوو کە بەسەر سەختییەکان زاڵ دەبێت.

# (٢)

## جیهانی جنۆکەکان

لە شارۆچکەیەکی بچووك بە ناوی (سێبەری تەم)، کۆشکێکی کۆن هەیە کە دەیان ساڵە بەجێهێڵرابوو. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن پڕە لە ئەفسانە و چیرۆکی جنۆکە کە لەناویدا دەسووڕێنەوە.

گەنجێك هەیە بە ناوی مەندۆ، سەرگەردان و سەرسوڕهێنەر بوو، بڕیاریدا بەدوای ئەم کۆشکە جێهێڵراوە بگەڕێت. شەوێکی تەماوی، مەندۆ بە چرای دەستیەوە بەرەو کۆشکەکە ڕۆیشت، کە پێدەچوو شوێنێك بێت لە خەونێکی ترسناکە.

کاتێك چووە ناو کۆشکەکە هەستی بە کەشێکی سەیر و سەمەرەو ئارام کرد، چونکە هەواکەی بە نەرمی دەلەرێتەوە. لە قوولایی کۆشکەکە سێبەرەکانی بینی کە بە هەوا دەسووڕانەوە. جنۆکەی ترسناك نەبوون، بەڵکو ڕۆحێکی ئارام و دەم بە خەندە بوون.

یەکێك لە ڕۆحەکان سەرنجی مەندۆی ڕاکێشا، لە ژنێکی گەنج دەچوو بە جلی کۆنەوە. قسەیان دەکرد، ناوی (لوونا) یە، چەند سەدەیەك پێشتر، لە کۆشکەکە ژیاوە.

مەندۆ دەزانێت کە لوونا بیری نییە کە ژیانی چۆن کۆتایی هاتووە، بەڵام هەست بە دڵتەنگی ناکات، بەڵکو هەست بە ئارامی دەکات. مەندۆ دەستی کرد بە سەردانکردنی کۆشکەکە زۆرجار، و هاوڕێیەتییەکی نائاسایی لەگەڵ ئەم جنۆکە بێدەنگانەدا پەرەپێدا.

بە تێپەڕبوونی کات کۆشکەکە بوو بە شوێنێك بۆ ڕۆحەکان و مرۆڤەکان بە هەمان شێوە. گۆڕاون بۆ پەناگەیەکی ئاشتی و تێڕامان، کە پێکەوە لە نێوان دوو جیهانی جیاواز بە هاوسەنگی دەژین.

# (٣)

## خەونی نابینایەك

لە گوندێکی بچووك لە دامێنی شاخەکان، کچێك بە ناوی (شادی) دەژیا. شادی هەر لە لەدایکبوونەوە کچێکی نابینایە، بەڵام دڵی پڕ بوو لە ژیان و سۆز. خەونی گەورەی ئەو ئەوە بوو هەست بە جوانی ئەو جیهانە بکات کە هەرگیز نەیبینیوە.

هەرگیز وازی نەهێنا، بەڵکو هەستەکانی تری بە تەواوی بەکاردەهێنا. بەیانیان گوێی لە گۆرانی باڵندەکان دەگرت و تامی بۆنی گوڵەکانی ناو باخچەی دەکرد. ئەو ئارەزووی بەهێزی هەیە بۆ فێربوونی هەموو شتێك کە لە توانایدا بوو.

بەڵام خەونی ڕاستەقینەی شەوانەیە، کاتێ چاوە ڕەشەکانی دادەخست و خۆی نوقم دەکرد لە جیهانی خەونەکان. شادی لەم دونیایە، گەشڕەنگ دەبینی و هەستی دەکرد بە تیشکی گەرمی خۆر لەسەر ڕوخساری. بەناو باخچە سەوزەکان دەسووڕایەوە و نیگای گەشاوەی بە ژیان ڕۆشن دەکردەوە.

